# هاواری نیشتمان

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی دووی ڕێبەندانەوە دەری دەکا

## پەیامی پیرۆزبایی

دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی درەوشانەوەی یەکەمین کۆماری دێموکراتیکی کورد، ڕۆژی سەقامگیریی دێموکراسیو دابینبوونی ئازادییە دێموکراتیکەکانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، واتە ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە تێکۆشەرانی ڕێگای پڕڕێبواری ٢ی ڕێبەندان، پیرۆز بێ. ئێمە لاوان، ڕێبوارانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، لە هەر کوێ بین تا وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە دەست لە خەباتو تێکۆشان هەڵناگرین.

دەستەی نووسەرانی هاواری نیشتمان

# کۆماری کوردستان، پێشەنگی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا



### سوێندنامەی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان:

"ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی کورد، بە ئالای موقەددەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانمو ڕژاندنی ئاخرین تنۆکی خوێنم، بە گیانو ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی جمهووریی کوردستانو یەکیەتیی کوردو ئازەربایجان موتیعو وەفادار بم."

## سەروتار

## بۆچی هاواری نیشتمان؟

**حەسەن سەلیمی**

بە بۆنەی دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بیرمان لەو کردەوە کە بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی سەربەستیی کوردانو بەرز نرخاندنی هەوڵی مێژوویی ڕێبەرانو دامەزرێنەرانو کارگێڕانی کۆماری کوردستانو هەروەها لاوانی دێموکرات، تایبەتنامەی کۆمار بە ناوی "هاواری نیشتمان" بڵاو بکەینەوە.

پاش دامەزرانی کۆماری کوردستانو کەوتنە سەر پێی ئەم کۆمارە ساوایە، بیری وردو وشیارانەی پێشەوای کوردستان، بۆ لاوان، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی بەدیاری هێناو لە پاڵ ئەمەشدا، هەوڵ درا ئەو ڕێکخراوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕاگەیەندراوی تایبەت بەخۆی هەبێ. لە ئەنجامدا، ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٩ی مەی ١٩٤٦ی زایینی، یەکەمین ژمارەی "هاواری نیشتمان" وەك ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان بڵاو کرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە چوار ژمارەی دیکەشی لێ بڵاو بۆوە، کە ژمارەکانی ٢ و ٤ دوای ١٠ ڕۆژ، ژمارەی ٣ دوای ٩ ڕۆژو ژمارەی ٥ دوای ١٥ ڕۆژ لە یەکتر بڵاو بوونەتەوە. هەڵبەت ژمارەی یەکەم لە شێوەی گۆڤاردا دەرچووە، بەڵام ژمارەکانی دواتر وەك ڕۆژنامەی "کوردستان" بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەرکراوە.

سەرنووسەری "هاواری نیشتمان"، ئەمر سدیق ئەنجیریئازەر بووە. ئەنوەر دڵسۆز، دڵشاد ڕەسووڵی، س. نانەوازادە، مەلا عەبدوڵڵا داودی، محەممەد تۆفیق وێردی، محەممەد شاپەسندی ئەندامانی دەستەی نووسەران بوون. وتارو بابەتەکانی هاواری نیشتمان چەندین مژاری جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە. بۆ نموونە، لەمەڕ هاندانی لاوانو کۆکردنەوەی لاوان لە دەوری یەکیەتیی لاوانو حیزبی دێموکراتی کوردستان، بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی لاوانو هەروەها لە یەکیەتیو هاوپێوەندی، خەبات بۆ ڕزگاری لە ژێردەستیو هەوڵی گەیشتن بە ئازادی داوە. ڕەخنە لە خۆگرتن یەکێکی دیکە لە مژارەکانی ڕۆژنامەی "هاواری نیشتمان" بووە. دەوری سێهەمی گۆڤاری لاوان کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەری دەکاو ژمارەی ٢٨ دوایین ژمارەیەتی، درێژکراوەی هاواری نیشتمانە.

بێگومان توێژی لاو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بەدڵو گیان هەوڵی خزمەتکردن بە کۆمارو حیزبی دێموکراتی کوردستانیان داوەو کۆماری کوردستانیش دەرهەق بە لاوان لە هیچ جۆرە یارمەتیو ڕێنوێنییەك دریغی نەکردوە. ئەم هاوکارییە دوولایەنە ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی کە دەبینین هێزی شۆڕش بە لاوی کورد نوێ دەبێتەوەو کۆماری کوردستانیش دەبێتە لانکەو فێرگەی بیری ئازادیخوازیو نیشتمانپەروەریو کەم نین ئەو لاوانەی کە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا شەهید بوون، تەنانەت بەشێکیان لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات خزمەتیان بە جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کورد کردوە.

لەم ڕۆژ مێژووییەدا، وێڕای پیرۆزبایی‌کردنی کۆماری کوردستان لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانو ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە، یادی دامەزرێنەرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانو بەڕێوەبەرانی "هاواری نیشتمان" بەرز ڕادەگرینو سەری ڕێزو نەوازش لە بەرانبەر فیداکاریو ئەمەگدارییان دادەنەوێنینو پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە.

**لەم ژمارەیەدا**


3 وتووێژ لەگەڵ مامۆستا کەریم زەند

4 سوقراتو قازی محەممەد لەبەرانبەر مێژوودا

5 وتووێژ لەگەڵ پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ









# ڕۆژمێژی ڕووداوەكانی كۆماری كوردستان

## ئا: دارا ڕۆستەمی

* دامەزراندنی حیزبی دێموكراتی كوردستان لەسەر بناخەی كۆمەڵەی ژ.ك ١٣٢٤/٥/٢٥

*گرتنی یەكەمین كۆنگرەی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە مەهاباد بە بەشداری نوێنەرانی كورد لە ئاگرییەوە تا بۆكان ١٣٢٤/٨/٢

* بەڕێوەچوونی جێژنی پێنچەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموكراتی كوردستان كە لە ڕاستیدا ٥ ساڵەی تەمەنی "ژ.ك" بوو ١٣٢٤/٥/٢٥

* گرتنی شارەوانی مەهاباد وەك دوا ئاسەواری دەوڵەتی مەركەزیو پێكهاتنی سوپای میللی كوردستان ١٣٢٤/٩/٢٦

* هەڵكردنی ئاڵا لە سەربانی دەفتەری حیزبی دێموكراتی كوردستان لە مەهاباد ١٣٢٤/٩/٢٦

* هەڵكردنی ئاڵا لە سەربانی دەفتەری حیزبی دێموكراتی كوردستان لە نەغەدە ١٣٢٤/٩/٢٧

* دەرچوونی یەكەم ژمارەی گۆڤاری كوردستان ١٣٢٤/٩/١٥

* هەڵكردنی ئاڵا لە سەربانی دەفتەری حیزبی دێموكراتی كوردستان لە بۆكان ١٣٢٤/١٠/٧

* جەلەسەی هەئیەتی فەرهەنگی كوردستان بۆ دانانی "پشكنێر بۆ مەكتەبەكان" ١٣٢٤/١٠/١٢

* ئاگاداریی شیركەتی تەرەقی كوردستان بۆ بەشداری خەڵك سەرمایە گوزاری بە ئیمزای "محەممەد ئەمین موعینی" ١٣٢٤/١٠/١٩

* گۆڕینی ناوی مەدرەسەی پەهلەوی بۆ مەكتەبی كوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠

* جێژنی كردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی كوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠

* دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامەی كوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠

* دانی دوو بڕیار لە لایەن "حاج بابا شیخ" لەسەر ڕەدواكەوتنی كچان و پرسەی مردوو ١٣٢٤/١٠/٢٠

* بڵاوكردنەوەی ئاگاداری"كۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستان" سەبارەت بە بەرەسمی ناسینی زمانی كوردی ١٣٢٤/١٠/٢٠

* كۆبوونەوەی هەئیەت مودیرەی هەموو لقەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانو خێڵەكان بۆ بەرەو پیری كۆمارەوە چوون ١٣٢٤/١٠/٢٨

* ڕۆژی ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان ١٣٢٤/١١/٢

* ڕۆژی بەیعەتی پێشمەرگە بە پێشەوا، سەرۆك كۆماری كوردستان ١٣٢٤/١١/٣

* سەردانی پێشەوا لە پێشمەرگە خانە بە شەو ١٣٢٤/١١/٤

* سەردانی پێشەوا لە چاپخانەی كوردستان ١٣٢٤/١١/٥

*بەڕێوەبردنی جێژن بە بۆنەی ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان لە لایەن بازرگانەكانەوە ١٣٢٤/١١/٥

*بەڕێوەبردنی جێژن سەرۆك ئیلەكان ئاغایانی شیرزاد و محەممەد حوسین ئەمیری ١٣٢٤/١١/٦

* بەڕێوەبردنی جێژن یەهودیەكانی مەهاباد بەبۆنەی ڕاگەیاندنی كۆمارەوە ١٣٢٤/١١/٦

* بەڕێوەبردنی جێژن لەلایەن سەرۆك ئیلەكان "عەبدوڵا ئاغای قادیەوە" ١٣٢٤/١١/٩

* بەڕێوەبردنی جێژن لەلایەن "سەید عەبدوڵا ئەفەندییەوە" بەبۆنەی كۆماری كوردستانەوە ١٣٢٤/١١/٩

* بەڕێوەبردنی جێژن لەلایەن "جەعفەری كەریمی" لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی بەبۆنەی كۆمارەوە ١٣٢٤/١١/١٢

* خوێندنی خوتبەی نوێژی هەینی بۆ یەكەم جار بە كوردی لە مزگەوتی سوور١٣٢٤/١١/١٢

* بەڕێوەبردنی جێژن لەلایەن "سەید عبدالسلام" لە گردیگلان بە بۆنەی كۆمارەوە ١٣٢٤/١١/١٦

* بەڕێوەبردنی جێژن لەلایەن "حەمە ڕەشید خان و چەند سەرۆك عەشیرەت" بەبۆنەی كۆمارەوە ١٣٢٤/١٩/١١

* بەڕێوەبردنی جێژنی پێك هاتنی كۆمار لە لایەن خەڵكی دەوروبەری "كولیجە" لە دیوەخانی شیخ حوسین ١٣٢٤/١١/٢٣

* بەڕێوەبردنی جێژنی پێك هاتنی كۆمار لە لایەن "زێرۆبەگی هەركی" لە گوندە بالانیش ١٣٢٤/١١/٢٦

* دیاری كردنی هەئیەتی پێ ڕاگەیشتن بە كارەكانی فەرهەنگ و ئەوقاب ١٣٢٤/١١/١٧

* دانانی هەئیەتێك بۆ گۆڕینی زاراوەی بیگانە بۆ كوردی لە عینوانەكانی هێزی پێشمەرگە ١٣٢٤/١١/٢٠

* هاتنی مەلا مستەفا بارزانی بۆ شاری مەهاباد ١٣٢٤/١٢/٩

* سەردانی مەلا مستەفای بارزانی لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە مەهاباد ١٣٢٤/١٢/١١

* سەردانی مەلا مستەفای بارزانی لە چاپخانەی كوردستان"شەوی" ١٣٢٤/١٢/١٢

* سەردانی مەلا مستەفای بارزانی لە هەئیەتی ڕەئیسەی میللی كوردستان ١٣٢٤/١٢/١٢

* سەردانی مەلا مستەفای بارزانی لە ئیدارەی شارەداری ١٣٢٤/١٢/١٣

* سەردانی مەلا مستەفای بارزانی لە یانەی فەرهەنگی و دیداری لەگەڵ پێشەوا ١٣٢٤/١٢/١٣

* دامەزراندنی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان ١٣٢٤/١٢/٢٤

* دامەزراندنی كتێبخانەی میللی ١٣٢٤/١٢/٢٦

* تەسوییی قانونی كجازات ١٣٢٤/١٢/٢٦

* دەرچوونی یەكەم ژمارەی هاواری نیشتمان ١٣٢٥/٢/١

* بەستنی پەیمانی یەكیەتیی و برایەتی لە نێوان حكومەتی ئازەربایجان وكوردستان لە تەورێز ١٣٢٥/٢/٣

* ڕێكەوتنی سوپای كوردستان و ئازەربایجان ١٣٢٥/٢/٣

* سەردانی دەستەی نوێنەرانی تێكەڵاو ئازەربایجان و كوردستان بۆ تاران بە سەرۆكایەتیی پێشەوا ١٣٢٥/٢/٨

* هێرشی سوپای ئێران بە پشتیوانی تۆپ و ٢ تەیارە لە "مەلقەرنی شاخی بێژینگ بەسەر" ١٣٢٥/٢/٩

* دەست بەكاركردنی ڕادیۆ كوردستان ١٣٢٥/٢/١٠

* گەڕانەوەی ئۆردویسوور بۆ خاكی خۆی ١٠و ١٣٢٥/٢/١١

* بڵاوكردنەوەی نوتقی پێشەوا لە ڕادیۆ كوردستان ١٣٢٥/٢/١٢

* وەڵامدانەوەی پێشەوا بە نامەی "ژنراڵ حەمە ڕەشید خان" سەبارەت بە جەبهەی سەقز ١٣٢٥/٢/١٢

* بەستنی كۆڕێكی شاعێرانە و ڕێز بەبۆنەی ڕۆیشتنی ئۆردوی سوور ١٣٢٥/٢/١٢

* بڵاوبوونەوەی نوتقی پێشەوا لە ڕادیۆ بەبۆنەوەی ڕۆیشتنی ئۆردوی سوور ١٣٢٥/٢/١٣

* هاتنی ئیلی هەركی و بەرەوپیر بردنی ئاڵا ١٣٢٥/٢/١

* هاتنی فیدائیانی ئیلی قەرەپایان بۆ مەهاباد بە مەبەستی پشگیری لە كۆمار ١٣٢٥/٢/١٦

* نوتقی پێشەوا لەسەر بەحەق بوونی كۆماری كوردستان ١٣٢٥/٢/٢٠

*گەڕانەوەی هەئیەتی نوێنەرایەتی كوردستان ئازەربایجان لە تاران ١٣٢٥/٢/٢٣

* وتووێژی پێشەوا لەگەڵ ئاژانسی "فرانس پرێس" ی حوزەیرانی ١٩٤٦

* تەواوبوونی سەحنەی سینمای كوردستان ١٣٢٥/٤/٥

* سەردانی جەبهەی شەڕ لەلایەن" مەلا مستەفای بارزانی و سەیفی قازی"یەوە ١٣٢٥/٤/١٤

* دیاریكردنی "سەرهەنگ مەحمەدی نانەوازادە" بە سەرپەرشتی جەبهەكان بە تەوافقی دەوڵەتی مەركەزی وكۆماری كوردستان ١٣٢٥/٤/١٨

* مانۆری هێزی ناوەندی پێشمەرگەی كوردستان لە دەوروبەری شاری مەهاباد ١٣٢٥/٤/٢٠

* بەربوونەوەی فڕۆكەی هەڵكری "سەرهەنگ مەحمەدی نانەوازادە" لە كەلیخانی بانەو شەهید بوونی ١٣٢٥/٤/٢٥

* حەرەكەتی پێشەوا لە سەفەری تاران و وتووێژ بۆ مەهاباد ١٣٢٥/٤/٢٦

* پێشوازی كردنی خەڵك لە پێشەوا ١٣٢٥/٤/٢٧

* دانی سوپاسنامەی بە چەند مامۆستایەكی دەرسی كوردی لە كوردستانی عێراقەوە هاتبوون ١٣٢٥/٤/٣٠

* نوتقی پێشەوا سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ قوام ١٣٢٥/٥/٤

* كۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ١٣٢٥/٥/٢٠

* تەسلیم كردنی یاداشتی وەبیرهێنانەوە لەلایەن ئێرانەوە بە سێ دەوڵەتە زەلهیزەكە ١٣٢٥/٦/٢١

* پێكهاتنی شوورای جەنگ بە سەرۆكایەتی "حاجی بابا شێخ" ١٣٢٥/٩/١٤

* بانگهیشتنی سەرۆك عەشیرەت و ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی" حدكا" بۆ مزگەوتی عەباس ئاغا بە مەبەستی بڕیاردان لە سەر بەربەرەكانی كردن و نەكردن لەگەڵ سوپای ئێران ١٣٢٥/٩/١٥

* لەشكركێشیی ئێران بۆ سەر حكومەتی میللی ئازەربایجان و حكومەتی كوردستان ١٣٢٥/٩/١٨

* گەیشتنی ئەرتەش بۆ میانە ١٣٢٥/٩/٢٠

* فەرمان درا بە هێزی پێشمەرگە كە لە بەرەكانی شەڕی "سەردەشت، سەقز، بانە" بكشێنەوە ١٣٢٥/٩/٢١

* ئەرتەش گەیشتە تەورێز ١٣٢٥/٩/٢٢

* پێشوازی كردنی ئەرتەش لەلایەن "میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حوسینی شەمسی بورهان، عەلی ئاغای ئەمیر عەشائیری" ١٣٢٥/٩/٢٣



پێشەوا قازی محەممەدو ئەندامانی كابینەی كۆماری كوردستان

* ئیعلامیەی قوامالسنتەنە دوای گەڕانەوەی هەئیەتی كورد و ئازەری ١٣٢٥/٢/٢٣

* گەڕانەوەی سەیفی قازی نوێنەری حكومەتی كوردستان ١٣٢٥/٢/٢٠

* هێرشی دوژمن لە جەبهەی سەردەشت ١٣٢٥/٢/٢٨

* میتینگی سەیفی قازی سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ حكومەتی مەركەزی ١٣٢٥/٢/٣١

* دیاریكردنی عەلی خەسرەوی بە جیگری وەزارەتی تەبلیغات و مودیری ڕادیۆ ١٣٢٥/٣/١

* دانیشتنی "ڕزم" لەگەڵ نوێنەری پێشەوا ١٣٢٥/٣/٥

* كۆبوونەوەی كۆمیتەی مەركەزی حیزبی دێموكراتی كوردستان سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتدا ١٣٢٥/٣/٦

* شەڕ و پێكدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای ئێران لە كێوی "نەسر ئاباد" پشتی سەقز ١٣٢٥/٣/٨

* چوونی هەئیەتی كورد بە ڕێبەری "سەید بابا شێخ" بۆ سەقز بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی تاران ١٣٢٥/٣/٨

* بۆچوونی فەرماندەی جەبهەی سەقز "حەمە ڕەشید خان" فەرماندەی جەبهەی سەقز لە نامەیەك دا ١٣٢٥/٣/١٣

* هاتنی نوێنەرانی تاران بۆ درێژەی وتووێژ بە سەرۆكایەتی"موزەفەر فیروز" بۆ تەورێز ١٣٢٥/٣/٢١

* ڕێكەوتنی نامەی نێوان حكومەتی مەركەزی و حكومەتی ئازەربایجان "موزەفەر فیروز"و "پێشەوەری" ١٣٢٥/٣/٢٣

*ئاخر شەڕی هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران "شەڕی مامەشا" ١٣٢٥/٣/٢٣

* چاوپێكەوتنی " پێشەوا"و "ڕزم ئارا" لە گوندی سەرا ١٣٢٥/٣/٢٦

* بەستنی پەیمانی دۆستایەتی توركیە و عێراق ١٣٢٥/٣/٢٩

* سەردانی تاقمێك پێشمەرگە و بەرپرس لە پێشەوا و داوای ڕۆیشتنی پێشەوا لەگەلیان ١٣٢٥/٩/٢٣

* ڕۆیشتنی نوێنەری بازرگانی ڕووس و گەڕانەوەی بۆ كونسوولگەری ڕووس لە ورمێ ١٣٢٥/٩/٢٤

* گەیشتنی هێزی سەرهەنگ "غەفاری"و ئیلە هاوپەیمانەكانی بەسیج هێرش بەر١٣٢٥/٩/٢٤

* گیرانی شاری مەرەند ١٣٢٥/٩/٢٤

* قسەكردنی سەرهەنگ هۆمایوونی لەگەڵ پێشەوا ١٣٢٥/٩/٢٥

* چاوپێكەوتنی مەلا مستەفا لەگەڵ پێشەوا كە لەو دیدارەدا داوای لێكردن لەگەڵی بڕوا ١٣٢٥/٩/٢٥

* گیرانی شارەكانی "ماكۆ، خۆی، مەراغە، ورمێ" ١٣٢٥/٩/٢٥ـ٢٦

* بە پێشوازی چوونی ئەرتەش لەلایەن پێشەواوە لە نزیك گومدە گۆك تەپە ١٣٢٥/٩/٢٦

* گرتنی شاری مەهاباد دوای ساڵێك ١٣٢٥/٩/٢٦

* گرتنی پێشەوا و ٢٨ كەس لە سەركردەكانی حكومەتی كوردستان ١٣٢٥/٩/٣٠

* حوكم دانی پێشەواو هاوڕێیەكانی... ١٣٢٥/١٠/١

* گەیشتنی دادگای پێداچوونەوە بۆ مەهاباد ١٣٢٥/١٠/٧

* بەڕێوەبردنی حوكمی ئیعدامی پێشەوا و هاوڕێیانی ١٣٢٦/١/١٠

* بەڕێوەبردنی حوكمی ئیعدامی "حەمیدی مازوچی، ڕەسول نەغەدەیی، عەبدوڵا ڕۆشنفكر، محەممەد نازمی ١٣٢٦/١/١٧

# كۆماری كوردستان

# یان كۆماری مەهاباد؟

## ئاوژۆنووسینی مێژوو (وارونه نویسی تاریخ)

**نووسینی: ب. خ و: ئەفراسیاب گرامی**

بۆ بەدەستهێنانی ڕوانگەیەك لە بارەی ناسنامەی مێژووییەوە دەبێ لە زەنجیرە پێوانەیەك كەڵك وەربگرین. بە سەرنجدان بەو پێوانەییانە دەتوانین تێبگەین كە نێواخنی ڕووداوێكی مێژوویی چۆنە؟ لەم وتارەدا هەوڵدراوە كە بە خستنەڕووی كۆمەڵێك بەڵگەنامە، نیشان بدەین كە بەكارهێنانی وشەی "كۆماری مەهاباد" لە بارەی "كۆماری كوردستان"ەوە دژایەتی لە گەڵ ڕاستییەكانی مەسەلەكە بووەو بە جۆرێك چەواشەكردن لە مێژوودایە. هەندێك لە نووسەران لە تێۆری دارشتن لەهەمبەر كۆماری كوردستانەوە بەردەوام تووشی چوار كێشەی سەرەكی دەبن:

٢ـ ساویلكە بینینی لە ڕادەبەدەر

٣ـ تێڕوانینێكی ئەبستراكت بۆ مەسەلەكان

٤ـ میتۆدناسی هەڵە

**١ـ گرنگی نەدان بە بەڵگەنامەكان:**

سەرەتا بە لێكدانەوەی بەڵگەنامەكان خەریك دەبین كە بە شێوەیەكی فەرمی باس لە "كۆماری كوردستان" كراوە:

**سوێندنامەی قازی محەممەد**

ڕۆژی ١٤ی ژانویەی ١٩٤٦، قازی محەممەد لە نێو كۆبوونەوەیەكی بەرینی خەڵك دا سوێندی خوارد: "ئەمن بە خودا، بە كەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی كورد ـ سوێند دەخۆم كە تا ئاخر هەناسەی ژیانمو ڕژاندنی ئاخر تنۆكی خوێنم، بە گیانو ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی كۆماری كوردستانو یەكیەتیی كوردو ئازەربایجان موتیعو وەفادار بم".

**دیاری لێژنەی ناوەندی بۆ قازی محەمەد**

ڕۆژنامەی "كوردستان" / مەهاباد/ ژمارەی ١٤ی ڕێكەوتی ١٩٤٦/٢/١٣

لە گەڵ پەسەندكردنی لێژنەی ناوەندی حێزبی دێموكراتی كوردستاندا، بەرگێك قورعانی پیرۆز لەگەڵ دوو بەرماڵ بە ئامانجی دەربڕینی هەستی بەسۆزی خەڵكی كوردستان، پێشكەش بە سەركۆمار كرا ..."

**خوتبە بە زمانی كوردی**

ڕۆژنامەی "كوردستان" لە بارەی پێویستی خوێندنی خوتبە بە زمانی كوردی دەنووسێ:

" بە بڕیاری قازی محەممەد، سەركۆماری كوردستان، بە ئیمامی جەماعەتی جومعەی مەهاباد ئەسپێردرا كە خوتبەی جومعە بەپێی بڕیارەكە ڕێك بخات ..." (كوردستان)

**پەروەردەو فێركردن**

"... بە هۆی بڕیاری سەركۆمار لە ١٣٢٤/١٠/٢٠دا، لێژنەیەك لە كەسایەتییە گەوەركان، فەرهەنگی، لە ئیدارەی فەرهەنگ كۆڕێكیان پێك هێناو دوای لێدوانێكی زۆر بڕیاردرا كە ناوی قوتابخانەی پەهلەوی بە قوتابخانەی كرمانجی كوردستان بگۆڕدرێ." (كوردستان)

وتووێژی قازی محەممەد لە گەڵ ڕۆژنامەی "رهبر"دا

ڕۆژنامەی "رهبر"ی ئۆرگانی حیزبی توده، وتووێژێكی لەگەڵ قازی محەممەددا پێكهێنا كە دەقی تەواوی وتووێژەكە لە ڕێكەوتی ٣٠/٤/ ١٣٢٥ لە ڕۆژنامەی "كوردستان" بڵاوكراوەتەوە.

"پرسیار: سنووری ئێستای كۆماری دێموكراتیكی كوردستان تا كوێ درێژەی هەیە؟

وەڵام: سنووری دەسەڵاتی ئێمە لە ماكۆ، شاپوور، خویی، ڕەزایە، شنۆ، سندووس، سەقزو سەردەشت، نزیك بە حەوت هەزار نەفەر لەبەردەگرێ.

پرسیار: ئایا هەواڵێ كە لە هەواڵدەری فەڕانسەوە لە وتەی ئێوەوە وەرگیراوە "هەر كات بمانەوێ كرماشانیش بەدەست دەهێنین" بڵاوكراوەتەوە، ڕاستە؟

وەڵام: مەبەستی من لە وتنی ئەم دێڕانە دەسەڵاتی زۆردارانەو ئیمپریالیستی بەسەر كرماشان نەبووە. بەڵكوو ئامانجی سەرەكی من، ئازادكردنی بەشەكانی دیكەی كوردستان لە خاكی ئێراندایە. (بەڵگەنامەكانی سەروە هەموو لە ڕۆژنامەی "كوردستان"، ئۆرگانی ڕەسمیی كۆماری كوردستان وەرگیراوە.)

**قازی محەممەد لە بەرامبەر دادگادا**

گرنگترین تۆمەتەكانی قازی محەممەدو هاوڕێیانی كە زۆرجار بە "كۆماری كوردستان" وەك تاوان ئاماژەی پێدەكرا، بریتی بوون لە:

١ـ بەستنی پەیمانی نەوتی نێوان سۆڤیەتو كۆماری كوردستان.

٢ـ هەڵكردنی ئاڵای كوردستان.

٣ـ گۆڕینی خەریتەی ئێرانو جیاكردنەوەی پێنج پارێزگای ورمێ، كرماشان، سنە، تەورێز، ئیلام.

٤ـ ئامادەكردنی خەریتەی كوردستانی گەروە.


٥ـ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی حكووكەتی كوردستان.

بۆ لاپەڕەی ١١

# مامۆستا کەریم زەند: من ئێستاش خۆم بە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەزانم

## کۆماری کوردستان و بیرەوەرییەکانی مامۆستا کەریم زەند

هەڤپەیڤین: هاوار



- مامۆستا کەریم زەند کوڕی حەمە ئاغای کوڕی ئەمین ئاغای چگینی.
- لەگەڵ بابانەکاندا هاتووتە شاری سلێمانی.
- لەگەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی سالّی ١٩٢٤ لە دایك بووە.
- خوێندنی ئاینی و ناوەندی لە سلێمانی بووەو پاشان چووەتە شاری بەغداد.
- بڕوانامەی یونسکۆی لە شاری قاهیرە پێبەخشراوە.
- لە سالّی ١٩٣٧وە کاری سیاسی دەسپێکردووە.
- لە سالّی١٩٤٠وە دەستی بە نووسین کردووەو نزیك بە سی(٣٠) بەرهەمی هەیە.
- ماوەی سێ ساڵ زیندانی سیاسیو نزیك بە شەش ساڵ تەبعید کراوە بۆ ناسریە.
- ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بووەو دواتر کراوە بە مامۆستا لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا.

### لە کاتی راگەیاندنی کۆماردا پێشەوا وتی:

### "ئەگەرچی شۆڕشەکەی ئێمە سپی بوو بەڵام دەبێ بە گیانو بە خوێن پارێزگاری لێ بکەین."

**پ: بەڕێز مامۆستا کەریم زەند سوپاس بۆ ئەوەی کە ڕێگەت پێدایـن بێینە خزمەتت تا لە نزیکەوە ئاگادارمان بکەی لە بارودۆخی نزیك بە ٦٢ ساڵ لەوەوپێش، دەکرێ بفەرموی چۆن پێوەندیتان بە کۆمەڵەی (ژـ ك)ەوە کرد؟**

و: سوپاس بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیەتان لەم یادە پیرۆزەدا، یادێك دەبێ لە بیری هەموو منداڵێکی کورددا پەروەردە بکرێت. ژێکاف لە سێپتامبری ساڵی ١٩٤٢ لە باغی "حاجی داوود" لە مەهاباد لە نزیك "پردی سوور" دامەزرا. من وەك ئەندامێکی کۆمەڵەی ئازادی پێوەندیم بە ژێکافەوە گرت. ئەوەش بەم چەشنە بووە کە ڕۆژێك مامۆستا سالّح حەیدەری لە هەولێرەوە هاتە سلێمانیو لە خانەی زەند کۆبوونەوەیەکمان گرت بۆ چۆنیەتی پێوەندی کردن بە کۆمەڵەی (ژـ ك)وە لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێزان: محەممەد تۆفیق، مامۆستا شێخ نەجمەدینو شێخ شەمسەدینو من ئامادە بووینو دواتر من ئامادەگیم دەربڕی کە بچم بۆ مەهابادو پێوەندی بە (ژـ ك)وە بگرم. ئەوەش بەم چەشنە بوو کە چوومە سەرشەقامی سلێمانیو لە خانووێکدا کە کۆمەڵێك بەڵگەو دۆکیومێنتمان هەبوو هەڵگرتو، بە پێی بەرەو مەهاباد بەڕێ کەوتم. لە ڕێگای سورکێوەوە چوومە بانەو کەلیخانو دواتر بە گەورەکایەتیدا بەرەو زەنبیلو بۆکان ڕۆیشتم. لە بۆکان چوومە ماڵی قاسم ئاغای حاجی رەحمان ئاغای ئیلخانیزادەو لە ڕێگای ئەوانەوە بە شیخلەردا بەرەو مەهاباد ڕۆیشتین. هێشتا پێشەوا نامزەد نەکرابوو بۆ سەرۆك. لەگەڵ دەستەی (ژ.ك) قادر مودڕیسو مستەفاو هەژارو هێمن دانیشتم لەو کاتەشدا مستەفا خۆشناوو میرحاج ئەحمەد وەك یەکێك لە دامەزرینەرانی(ژ.ك) لە باغی حاجی داوود حزوریان هەبوو. پاش پێوەندی گرتن بە (ژ.ك) من بە پێ گەڕامەوە بۆ عێراقو پێوەندیم بە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە گرت لە واقیعدا یەکگرتنێك لە نێوان ئێمەو کۆمەڵەی (ژ.ك)و حیزبی شیوعی بەرقەرار بوو.

لەلایەکی دیکەشەوە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد تێکۆشەرو ناودار کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە (ژ.ك)و پێشەواوە هەبوو کە پاشتر ئیسمائیل شاوەیسو عوسمان دانشلیرەوە چوو بوون بۆ مەهاباد، لە واقیعدا کە بیری لێدەکەمەوە ئێمە لەم دیوەوە(باشوری کوردستان) لەو کاتەدا وەك لقێکی (ژ.ك) کارمان دەکردو هەولمان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی نیشتمانی دەدا.

**پ: کۆماری کوردستان وەك یەکەم دەوڵەتی نەتەوەی کورد لە چ کەشو هەوایەك دامەزراو بارودۆخی ئەو کاتی کۆمەڵگای کوردستان چۆن بوو؟**

و: شا فەرمانڕەوا بووو پشتیوانی لە نازی دەکرد. ستالین سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی شۆرەوی هاواری دەکرد کە ڕۆخی دووهەم بکرێتەوە لە هەمان کاتیشدا هێزەکانی ئاڵمان لە بیرە نەوتەکانی قەفقاز کۆبوونەوە. ڕۆخی دووهەم کەکرایەوە لە هێرشێکی دەمەگازی دا بە هاوکاری ئەمریکاو ئینگلیز لە ٤٨ سەعاتدا ئێران داگیر کرا. سۆڤیەتییەکان چارەکێك پێشتر لە لالەزار ئالّای سەرکەوتنیان هەڵداو دواتر ئەمریکاو ئینگلیزەکان هاتن بەرەو بەندیخانەی قەجەر وەڕێ کەوتن من خۆم ئاگاداری ئەو دۆخەم، دەمانچەی رووناك کەرەوەیان دەتەقاند ئێمەش ئەو کات پاش شۆڕشی شێخ مەحموود لە ١٩٤٣دا لەگەڵ شێخ لەتیفو ٦٠ــ٥٠ سوار لە سەردەشت بووین. لەو کەشو هەوایەدا بوو کە(ژ.ك) گۆڕدرا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانو خواستی نەتەوەی کورد لەو ناوچە ئازادەکە دەسەڵاتی ناوەندیشی تێدا نەمابوو لەگەڵ فاکتەرە ناوچەییو نێونەتەوەییەکان دەستیان دایە دەست یەكو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر بیری پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. لە واقیعدا حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی هەبوو بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کوردی لەبەرچاودەگرت.

**پ: زۆر جار لە لایەن مێژووناسە بیرتەسکەکان دەوترێت کۆماری مەهاباد بە جێگای کۆماری کوردستان کە پایتەختەکەی مەهاباد بووە لە ڕوانگەی بەڕێزتان هۆکار چیە؟**

و: ئەگەر لە ڕووی نییەت پاکییەوە بێت ئیدیۆمەکە ڕاستە. بۆ نموونە حکومەتی واشینگتۆن، حکومەتی بەغدا، هیچ نەنگی نیە. ئەگەر حکومەتەکە بە ناوی پایتەخت ناوبرێت. بۆ نموونە بگوترێت حکومەتی مەهاباد. واتە کۆماری کوردستان کە پایتەختەکەی مەهابادە. من لە کۆنفڕاسی شوناسی هەورامان لە ئێران بە نوێنەری خاتەمی(رەمەزان زادە)م وت ئێران هەڵەیەکی گەورە دەکات دەڵێت ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەوێ خاکی کوردستانەو ئەگەر وەك پارێزگا حیسابی بۆ بکەین دەبێ بڵێین پارێزگای موکریان. لە واقیعدا کۆماری کوردستان دروستترە.

**پ: مامۆستا دەکرێت کورتەیەك لەو ڕێوڕەسمەمان بۆ باس بکەی کە تێیدا کۆماری کوردستان وەك کیانێکی نەتەوەی کورد ڕاگەیەندرا؟**

و: لە ٢٢ی کانوونی دوهەمی ١٩٤٦ بەرانبەر بە٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بوو. نوێنەری زۆربەی شارەکانی کوردستانو پارچەکانی دیکە ئامادە بوون. یەکەم کەس پێشوای "معظم" ئالّاکەی بەرزکردەوە، ئالّای کوردستانو دواتر وتارێکی بەنرخی پێشکەش کرد. "پێشەوای ڕێبەر وتی: هەموو گەلان بە خوێن سەربەرزی وەرئەگرنو بە خوێنو تێکۆشان چارەنوسی خۆیان بە دەستەوە دەگرن. بە پێی زرووفی دەولی، شۆڕشەکەی ئێمە سپی بوو بەڵام دەبێ بە خوێنو بە گیان پارێزگاری لێ بکەین". دواتر سروودی ئەی ڕەقیب خوێندرایەوە. ژنراڵ بارزانی، محەممەد خانی کانیسانانو محەممەد قودسی قسەیان کرد. دواتر دارتەرمێکیان هێناو لە نێو دارتەرمەکەدا کە شێوەی حاجی قادری کۆیی تێدا بوو ڕاست بووەوەو ئالّاکەی ماچ کردو ڕایگەیاند کە ئەم کۆمارە خەونی هەموو شاعیرانو نوسەرانو هەموو دڵسۆزو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. لە ٢٦ی هەمان مانگ دا بوو کە هەڵبژاردن کرا. هەیئەتی وەزیرانیش ڕاگەیاندرا.

**پ: مامۆستا گیان خۆت یەکێك لەو کەسانە بووی کە لە وەزارەتی فەرهەنگدا ئیشت دەکرد، کاری وەزارەتی فەرهەنگ لە کۆماردا زۆرتر لە چ بوارێك دا خۆی نیشان دەدا؟**

و: کاك عەدنانی کەریمی وەزیری فەرهەنگ بوو و کاك ئیبراهیم نادری جێگری وەزیری فەرهەنگ بوو. لەو کاتەدا من دەبیر بوومو زمانی کوردیو سایکۆلۆژیم دەوتەوە. زۆر جار مەنافی کەریمی وەزیری فەرهەنگ بۆ خۆی ئامادە دەبوو لە پۆلەکەدا. لە ژێر نەزەری وەزارەتی فەرهەنگ لە چاپی سەید حەمید ڕۆژنامەی" کوردستان" دەردەچوو، من بۆ خۆم شتم تێدا نووسیوە. گڕوگاڵی منداڵان، هەڵاڵە،...و باقی بڵاوکراوەکان بوون. لە واقیعدا لە ماوەی ١١ مانگی دەسەڵاتی کۆماردا کاری زۆری لە تەمەنێکی کەمدا ئەنجام داوە.

**پ: مامۆستای بەڕێز ئەوەندەی جەنابت پێشەوا قازی محەممەدی نەمرت دیوە کەسایەتی بەڕێزیان چۆن دەبینی؟ دەکرێ زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە بۆ ئێمە بدوێی؟**

و: پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی بەرزو ڕەوشت بەرزبوو. شارەزایی هەبوو بە سەر زمانەکانی عەرەبیو فارسیو ئینگلیزیو ڕوسی دا. فیزو هەوای نەبوو زۆر سادەو ساکار بوو. بیری قووڵو ئەندێشەی جوانی هەبوو. لەپڕ قسەی نەدەکردو پاش لێکدانەوەیەکی بڕیاری کۆتایی دەدا. مەسەلەیەکی گرینگ کە من زۆر لە بەرچاومە ڕێزو حورمەتی پێشەوا قازی محەممەد بوو بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانو بڕیاری دابوو کەس ئێمە بە میوان نەزانێت. تەنانەت زۆر زیاتر لە ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێزی ئێمەی دەگرت.

**پ: دەکرێ چەند بیرەوەریەکی خۆتمان بۆ باس بکەی لەو سەردەمەدا؟**

جارێکیان عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری هاتەلام وتی دیاریەکی عوبەیدوڵڵایە ئەگەر لەگەڵم بی دەیبەم بۆ پێشەوا ئەو کات من تەمەنم ٢١ ساڵ بوو چوینە خزمەت پێشەوا. پێشەوای نەمر سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە لاو بووین لەبەرمان هەستاو کەسیەتی بەرزی ئەوم بۆ دەرکەوت دیاریەکەمان پێدا لە دەسماڵێکی ئاوریشمیدا بوو کە کلێتەیەکی سەر بوو (باشلەق)، پێشەوا وەریگرتو دواتر بە عەبدولقادری وت من ئەم دیارییە پێشکەشی ئاغای زەندی دەکەم. منیش وەك دەرجەو تاجیك وەرمگرت بەخۆشحاڵیەوە هەتاکوو گۆڕەکەشم لەگەڵمایە. ئەوە تا ئێستاش دەیبینن هەر لە سەرم دایە.

بیرەوەریەکی دیکە کە بۆتان باس بکەم ئەوەیە: ڕاپۆرتیان لە من دابوو لە وەزارەتی فەرهەنگ کە کەریم زەند کۆمونیستەو تەبلیغ بۆ ئەوان دەکات، دیاربوو ڕاپۆرتەکە گەیشتبووە لای پێشەواش. بەبێ ئەوەی من ئاگادار بم وانەم دەوتەوە لەپڕ لە کەلاسی دەرسەکەم پێشەوا هاتە ژوور. منیش سڵاوێکی سەربازیم لێکرد وتی بەردەوام بە لە دەرس وتنەوە. منیش درێژەم پێدا، پێشەوا تا کۆتاییەکەی لە پۆلەکەدا ئامادە بوو. دواتر وتی تەواویکە با بچین بۆ ژوری مامۆستاکان لە پێش چاوی هەموویان وتی من لە تارانێ ڕا مامۆستای وام نەدیوە. دیاربوو ئەو راپۆرتە لەلایەن کەسانی ناشیەوە درابووە سەر. لەبیرمە ئەو کاتە سەعید خانی هومایونیشی لەگەڵدا بوو. پاش ماوەیەکی دیکە من دەرسم دەوتەوە کە سەعید خان هات بەدواماداو وتی پێشەوا کاری پێتە. چوومە خزمەتی فەرمووی ئاغای زەندی باری فەرهەنگی کۆمەڵگا چۆن دەبینی؟"صاحب الدار ادری" واتە خاوەن ماڵ شارەزاترە. فەرمووی بە سەلاح دەزانی بیکە منیش وتم دەبێ لە وەزارەتی فەرهەنگەوە دەست پێ بکەین فەرمووی ئەوە بڕیارم دا، دەست پێبکە. پاشان چەندین دەوری باشمان کردەوەو دواتر پێشەوا منی کردە نوێنەری حکومەتو حزب لە شاری بۆکان.

**مامۆستا، چ پەیامێکت هەیە بۆ ئەو لاوانەی کە ئێستا لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە مەکتەبی پێشەواو درێژەدەرانی ڕێگای پێشەوا، شەهیدانی ڕێبەر کاك د.قاسملو و د.شەرەفکەندی خەریکی کارو تێکۆشانن؟**

و: من وەك پەیام باسی ناکەم بەڵام وەك سەرەنجیش بێت کۆمەڵێك شتم هەیە لە پێش هەر شتێکدا، من ئێستاش خۆم بە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەزانم. حیزبی دێموکرات قوربانی زۆری داوە. تەنیا شتێك کە بە ئێوەی لاو دەڵێم ئەوەیە کە بەرژەوەندیی گشتییو نەتەوەییتان لەبەرچاو بێو لە بەرانبەری کەسانی لەخۆ بەتواناتر سەر دانەوێنن. ڕەمزی سەرکەوتنی ئێمە لە یەکگرتوویيو تەبایی دایە.

**مامۆستا، تەمەن درێژ بی، هیواداریـن وێنەی وەك بەڕێزتان لە نێو نەتەوەکەماندا زۆر بێ ئێمە شتێکمان نەماوە ئەگەر جەنابت وتەیەکی دیکەتان ماوە لە خزمەتت داین ؟**


و: زۆر سوپاس بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیەتان لەم یادە پیرۆزەدا، ئەوە وەفای ئێوە دەنوێنێ. کەسانێك کە لە مەکتەبی پێشەوا خەریکی کارو تێکۆشانو لەم یادە پیرۆزەدا هاتون بۆ ئێرە. من ئێستا بیرورەوەییەکانی ئەم کاتەم بۆ زیندووبۆتەوە.

# سوقرات و قازی محەممەد لەبەرانبەر مێژوودا

بێهزاد خوشحاڵی

وەرگێڕانی: شەفیع ڕەوشەنی





"ئاپۆلۆژی" یەکێك لە شاکارە گەورەکانی مێژوویە. ئەفلاتوون لەم کتێبەدا، بە پێنووسی خۆی، تایبەتمەندیی مرۆڤێکی کامڵ نیشان دەداو بە رووکردنی بەرگرییەکانی سوقرات لەم دادگا مێژوویی‌یەدا، ناوبراو وەك "شەهیدی فەلسەفە" بە مێژوو دەناسێنێ. لەوانەیە ئەفلاتوون وەك قوتابیی مامۆستا، سوقرات بەو جۆرە کە بووە بە ئێمەی دەناسێنێ. کەواتە دەتوانین بڵێین ئاپۆلۆژی‌و نووسراوەی ئەو کتێبە کە وەك یەکێك لە بەڵگە "مستند"ەکانی دادگایی سوقرات ناوبانگی دەرکردوە، هەر ئەوەیە کە ئەفلاتوون لە کتێبی "ئاپۆلۆژی"دا نووسیویەتی.

بە خوێندنەوەی کتێبی "ئاپۆلۆژی"و بەڵگە سەبت کراوەکانی "دادگای قازی محەممەدو هاوڕێیانی"، ئەم راستییە دەردەکەوێ کە دوو هەزارو سێسەد ساڵ مەودای مێژوویی، نە تەنیا نەیتوانیوە رواڵەتی "حەقیقەت"و "راستی"ی بگۆڕێ، بەڵکوو دەرخەری ئەم "راستی"یە کە "حەقیقەت" گۆڕانی بەسەردا نایەو "کات"و "شوێن" ناتوانن گۆڕان بەسەر ئەودا بێنن.

بۆ نموونە کاتێك کە سوقرات دەڵێ: "ئازادی‌و زانست، کاتێك بۆ مرۆڤ بەهرەیان دەبێ کە حەقیقەتێك هەبێ." یان کاتێك کە ئاماژە دەکا: "هەر جۆرە ناحەزی‌و ناپاکی‌یەك کە لە جیهاندا هەیە، هی "خود"ی جیهان نیە، بەڵکوو سەرچاوەکەی بۆ "نەبوونی حەقیقەت" لە لای مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە"، ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان، ئەندێشەکان‌و سەردەمە جۆراوجۆرە مێژوویی‌یەکان ـ گەرچی لە مەدارگەلی سەرووتردا ـ بە هەر شێوەیەك نزیکی یەکتر دەبنەوە.

لەم وتارەدا، هەوڵ دەدرێ بە بەراوردێك لە نێوان دەقی دادگایی سوقرات‌و قازی محەممەددا، ئەم راستییە نەگۆڕە نیشان بدرێ کە مرۆڤە راستەقینەکان، بۆ سەلماندنی حەقیقەت‌و بەرگری لە حەقیقەت، بە چ شێوەیەك لە باوەڕو وتارو کردەوەدا نزیکی یەکدی دەبنەوەو بە تێپەڕین لە "کات"و "شوێن"و "بەرژەوەندیی شەخسی"، تەنانەت لە فیداکردنی گیانی خۆیان هیچ ترسێکیان نیە.

"سوقرات" لە دادگایی‌یەکەی خۆیدا نیشانی دەدا کە چۆن دەتوانین لە دژی "نەبوونی حەقیقەت" راوەستین‌و لە هەمان کاتیشدا راستییەکان نیشان بدەین. لە روانگەی سوقراتەوە "سەربەخۆیی" لە ئەولەوییەت دایە نەك "بەستراوەیی"(استغنا). ئەو داکۆکیاری "هێزی ئەخلاقی"و "کەسایەتی"یەو پێی وایە مرۆڤ شایستەی ئەوە نیە کە لە بەرابەر جیهان‌و جیهانییەکاندا سەری شۆڕ بکاتەوە. سوقرات لە کاتی دادگایی‌کردنەکەیدا، "چ

**پێشەوا:**

**ئێوە ئەگەر دەتانەوێ تاوانێك بۆ من دروست بکەن، لانیەکەم بەدوای شتێکدا بگەڕێن کە جێگای باوەڕ بێ‌و راستییەکی تێدا بێ. ئەو تاوانانەی کە وەك تاوانی یاسایی بۆ منتان هەڵبەستووە، لە راستییەوە دوورن**

جیاوازییەکی هەیە؟"و "لە کۆتایی‌دا چ دەبێ"ی ناوەتە لاوەو بە تێپەڕین لەم هەڵسوکەوتە کلیشەیی‌یانە، مرۆڤە دێنێتە سەر ئەو باوەڕەو دڵنیای دەکاتەوە کە حەقیقەت لای مرۆڤ، "کەسایەتی"و "ئەخلاق"و "بەرگری"یە، نەك "بێ‌هیوایی‌و پاشەکشەو سەر نەوی‌کردن". ناوبراو هەروەها وشەی "چاکە" (تقوا)ی نەك لە بەرابەر "عیبادەت"و ترس، بەڵکوو لە بەرابەر "لێهاتوویی"و "قابلیت"دا بەکار دەباو پێوەندیی مرۆڤو سیاسەت لە سێ‌گۆشەی "مرۆڤ"، "لێهاتوویی"و "توانایی"دا پێناسە دەکا. ئەم شوناسە بەشێکی بۆ مرۆڤی حەقیقی لە چوارچێوەی تایبەتمەندیی ناسینی "حەقیقەتی مرۆڤ"دا، یەکەمین خاڵی هاوبەشی نێوان سوقرات‌و قازی محەممەدە کە لە کەسایەتیی ئەو، مرۆڤگەلی "سیاسی" بەڵام "باوەڕمەند"و لە هەمان کاتدا "بەتوانا" دروست دەکا.

"پێغەمبەری فەلسەفە" وەك بنەمای هزریی قازی محەممەد، لە روانگەی "ئەخلاق"ەوە دەڕوانێتە "سیاسەت". بەم شێوەیە بە پێڕەوی لە مامۆستای "حەقیحەتخواز"و "ئازادیخواز"، قازی محەممەد لە وەسیەتنامەکەی خۆیدا دەڵێ:

"... بۆ چەن رۆژی پتر ژیان، خۆتان مەفرۆشن." "...زانست‌و زانیاریی خۆتان بەرنە سەرێ تا فریو نەخۆن"... "خیانەت بە یەکتر مەکەن، نە خیانەتی سیاسی، نە خیانەتی ماڵی‌و گیانی‌و نە خیانەتی ناموسی. خیانەتکار لە لای خودا رووڕەشەو خیانەت سەرئەنجام دەگەڕێتەوە بۆ خۆی" ... "ئەگەر سەرزەوی‌و سەربەخۆیی‌و ئازادیتان هەبێ، ئەوکات دەبنە خاوەنی هەموو شتێك. ماڵ‌و سروەت‌و ئابڕوو لە ئازادییەوە سەرچاوە دەگرن."

بەرگرییەکانی سوقرات لە دادگایی‌یەکەی‌دا بەم شێوەیە دەست پێ‌دەکا کە: "ئەگەر بمانەوێ راست‌و دروست قسە بکەین، بچووکترین نیشانە لە حەقیقەت، لە ئیددیعانامەی بانگەشەکەرانی مندا نابینرێ‌و ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هیچ کام لەم قسانە هەڵگری "حەقیقەت‌و راستی" نین. من بەرگری لە خۆم دەکەم، ئەوکات ئێوە خەڵکی‌و دادوەرانی قەزایی حەق‌و ناحەق‌و سەرەو ناسەرە لە یەك جیا بکەنەوە. بڕوانن بزانن چ شتێك حەق‌و چ شتێك ناحەقە."

لێرەدا وتەکانی قازی محەممەدمان دێنەوە یاد کە چۆن لە دەسپێکی دادگایی خۆیدا، لە وەڵامی دادستاندا دەڵێ: "ئێوەش قسەی خەڵکی دیکە کاوێژ دەکەن." ئەگەر بێ‌دینن‌و خودا ناناسن‌و باوەڕتان بە رۆژی ئاخیرەت نیە، لانیکەم تۆزێك پیاو بن. بۆ ئەم هەموو درۆیە کە لەسەر یەکتان داناون تەنانەت یەك بەڵگەشتان نیە. ئەوە ئێوەن کە هیچ سنوورێك لە نێوان خۆتان‌و خەڵك‌و یاسادا، دانانێن. ئێوە تەنیا دەتوانن بەڕێوەبەری بڕیاری گەورەکانی خۆتان بن‌و بەس."

سوقرات لە بەشێکی دیکە لە دادگایی‌یەکەی خۆیدا دەڵێ: "مرۆڤ کاتێك کە کارێك دەست پێ‌دەکاو بەرپرسایەتییەکەی دەگرێتە ئەستۆ، تەنیا دەبێ بایەخ بە حەق یان ناحەقبوون‌و دەرەجەی خزمەتی ئەو مەسەلەیە بە مرۆڤ بدا، نەك ئەوەی کە ئەم کارە لە روانگەی نرخ ـ سوودەوە لێك بداتەوەو ئەوکات لەبارەی ئەنجامدانی ئەو کارەوە بڕیار بدا." لێرەدا سوقرات وێڕای ئاماژە بە "ئاشیل" دەڵێ: "مەگەر ئاشیل لە نێوان مەرگی سەربەرزانەو ژیانی سەرشۆڕانەدا، مەرگی هەڵنەبژارد؟ ئایا لە بەرامبەر ئەو هەموو پێشنیارە هەڵخەڵەتێنەرەدا نەیگوت: "پیاوانە بمرم باشترە تا ئەوەی کە وەك مرۆڤێکی بچووك، تەنیا لە قورسایی زەوی پتر بکەم؟" هۆ خەڵکی ئاتێن! حەقیقەت ئەمەیە. کەسێك کە رێگای خۆی ناسی، نابێ هیچ ترسێك بخاتە دڵی خۆیەوەو هەرکاتیش پێویست بوو، پیاوانە بمرێ. بۆ من مردن زۆر لەوە بچووکترە کە لێی بترسم‌و لە بەرامبەردا، کردەوەیەکی ناڕەوا دژی حەق‌و حەقیقەت‌و راستی ئەنجام بدەم. ئەمە زۆر لە جینایەت گەورەترە. من لە "پوتای دایا"، "ئامفی پولیس"، "دلیون" و هەر شوێنێکی دیکە کە نوێنەرانی خەڵك بە پێویستیان زانیوە بۆ سەروەریی ئەو شوێنە شەڕم کردوەو مردنم بچووکتر لە ژیان زانیوە. ئێستاش کە کاتی زیندووکردنەوەی حەقیقەت‌و گەڕان بەدوای دەروونی حەقیقیی مرۆڤ بە من سپێردراوە، ئایا ئەگەر لە ترسی مردن یان هەر هەڕەشەیەکی دیکە، کۆتایی بکەم، شەرم نیە؟ پێم وایە ئەگەر لە ترسی مردن، چاوپۆشی لە حەقیقەت بکەم، دەبێ دادگایی بکرێم‌و سزا بدرێم. حەقیقەت بە من دەڵێ کە مردن لە رێگای حەقدا، شانازییەکی گەورەیە..."

بەڵام شەهیدی فەلسەفە لە وەڵامی پرسیارێکی هاوشێوەدا چ دەڵێ: "... من، لەمێژە خۆم بۆ وەها رۆژێك ئامادە کردبوو. ئەوەی کە بۆ نەتەوەکەم بکوژرێم تەنیا رەحمەتی خودایەو شانازی بەم مردنەی خۆم دەکەم..."

لێرەدا ئەم راستییە دووبارە خۆی دەنوێنێ کە قازی محەممەد بۆ نیشاندانی مافی نەتەوەی خۆی، بۆ ئازادی‌و سەروەری، لە دوایین رۆژەکانی کۆماردا، تەنانەت مردن‌و مانەوەی خۆی لە درێژەی شەڕ یان دەست هەڵگرتن لە شەڕ لە مەهاباد بە دەنگدانی گشتیی خەڵك دەسپێرێ‌و لە بەرامبەر ویست‌و ئیرادەی گشتی‌دا، دەست لە شەڕ هەڵدەگرێ‌و لە راستی‌دا مردن قەبووڵ دەکا. ئەو رەزامەندیی نەتەوەیی گشتی وەك بنەمای حکوومەتی خەڵك دەکاتە دەستمایەی حەقیقەت‌و دەبێتە قوربانی تا خۆی بکاتە شیاوی نێوی "شەهیدی دێموکراسی".

لە بانگەشە دژی سوقراتدا هاتووە: "سوقرات کاری نەشیاو ئەنجام دەداو قسەی ناڕەوا دەکا. ئەو لەبارەی ئەسرارەوە قسە دەکاو دەڵێ خودا نیە." سوقرات لە وەڵامدا دەڵێ: "ئێوە هیچکات ناتوانن راستیی قسەکانی خۆتان بسەلمێنن‌و نیشان بدەن کە من لە دژی خودا شەڕ دەکەم‌و، هیچکاتیش ناتوانن نەزانیی خۆتان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن."

قازی محەممەد لەبارەی تاوانە ناڕەواکانی دادستانەوە دەڵێ: "ئێوە ئەگەر دەتانەوێ تاوانێك بۆ من دروست بکەن، لانیەکەم بەدوای شتێکدا بگەڕێن کە جێگای باوەڕ بێ‌و راستییەکی تێدا بێ. ئەو تاوانانەی کە وەك تاوانی یاسایی بۆ منتان هەڵبەستووە، لە راستییەوە دوورن."

سوقرات دووبارە لەبارەی ئیددیعانامەکەی خۆیەوە دەڵێ: "لێرەدا من بە فەسادو نکۆڵی‌کردنی خوداکان‌و دوژمنایەتیی نیشتمان تاوانبار دەکەن، لە حاڵێکدا کە من لە پێناو ئاتێندا شەڕم کردوە. تەنیا گوناحی من ئاشکراکردنی حەقیقەت‌و راستییەکانە."

قازی محەممەد لە وەڵامی هۆکاری تووڕەبوونی خۆیدا دەڵێ: "من ئیزن بە هیچ کەس نادەم بێ‌حورمەتی بە نەتەوەکەم بکا. ئێستا من لەبەر بەرگری‌کردن لە نەتەوەی کورد، بە مەرگ مەحکووم بووم. من ئیدی شتێکم نیە لە دەستی بدەم. ئەوەی کە لە خودای خۆمم دەویست، واتە شەهیدبوون لە پێناو ئایین‌و نیشتمانەکەمدا، وەدەستم هێناوەو هیوادارم بە روویەکی ئاوەڵاو سەربەرزانە بۆ چاوپێکەوتنی مەعبوودی خۆم بڕۆم."

سوقرات لە بەشێکی دیکەی دادگایی‌کردنەکەیدا، لەمەڕ "میلتوس" قسە دەکاو دەڵێ: "میلتوس کە ئەم ئیددیعانامەی دژی من نووسیوە، خۆی بەهۆی ئەوەی کە کاری دانیشتوانی ئاتێن بە بچووك دادەنێ‌و بە بێ پشت بەستن بە بەڵگە، خەڵکی بانگهێشتی دادگا کردوەو بە درۆ بەرگری لە بابەتگەلێك دەکا کە تا دوێنێ بوو هیچ بایەخێکی پێ نەدەدان. ئەو خۆی لە هەموو کەس جینایەتکارترە. من باش ئەو دەناسم. میلتوس‌و هاوکارانی، من تاوانبار دەکەن بۆ ئەوەی بە لەنێوبردنی من، سەرەڕای پەرپێدانی نەزانی، بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان دابین بکەن. ئەوان "خۆیان" بانتر لە گەورەیی ئاتێن دەبینن‌و بەم هۆیەوە کەوتوونەتە داوی "خودبینی"یەوە."

قازی محەممەد لە زمانی "مەلا مستەفا بارزانی"یەوە دەڵێ: "مەلا مستەفا باش ئێوەی ناسیوە، ئەو بە منی وت هیچکات لەلای ئێوە لە گوناحی خۆم دڵنیا نەبم، چونکە ئێوە لە سەردەمی زاڵبووندا، خوێنڕێژترین‌و بێ‌ویژدانترین مرۆڤەکانن‌و، لە رۆژەکانی ناتەوانی‌دا، زەبوونتر، درۆزنترین‌و دووڕووترین گیانلەبەرانی سەرزەوین. من باش دەزانم، ئێوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەرژەوەندییە شەخسییەکانتان، پێش ئەوەی دادگاییم بکەن، منتان مەحکووم بە مەرگ کردوە."

سوقرات دوای ئەوەی کە مەحکووم بوو، دەڵێ: "ئێوە وادەزانن من داوای بەخشین دەکەم یان ئامادەی دوورخرانەوە یان بەجێ‌هێشتنی ئاتێنم بۆ ئەوەی دوایین رۆژەکانی ژیانم دوور لە وڵاتی خۆم‌و بە ئاوارەیی‌دا بەسەر بەرم. باش بزانن کە ئەم کارە ناکەم‌و ئەگەر سەد جاری دیکەش مەحکووم بە مەرگ ببم، سوێند بە خودا دەست لە رۆشنگەری هەڵناگرم. من لەبەر خاتری "خۆم"و لەبەر خاتری "شەرەفی ئاتێن" کڕنۆش بۆ کەس نابەم. من دەمرم بەڵام حەقیقەت زیندوو دەمێنێتەوە."

قازی محەممەد لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی لەگەڵ مەلا مستەفا لە مەهاباد دەرنەچووی؟، دەڵێ: "مەلا مستەفا چەندین جار پەیامی بۆ من نارد کە پێشمەرگەکانی کوردستان بنێرێ تا من رزگار بکەن، بەڵام من خۆم قەبووڵم نەکرد، چونکە ئەگەر ئەم مردنە بووبێتە بەشی من، جێگای شانازیە. من بەڵێنیم بە نەتەوەی خۆم دابوو کە هیچکات ئەوان بەجێ ناهێڵم. ژیانی من لەگەڵ ئەوان‌و مردنیشم هەر لە پێناو ئەواندا دەبێ. باشم دەزانی کە ئەگەر مەهاباد بەجێ بێڵم، ئێوە خەڵکی مەهابادتان دەکوشت‌و تۆڵەی منتان لەوان دەکردەوە، بۆیە، چونکە لە رێگای ئازادیی نەتەوەکەمدا دەکوژرێم‌و شەرمەندەی خوداو کوردستان نابم، خۆم بە خۆشبەخت دەزانم."

سوقرات لە دوایین بەشی دادگایی‌یەکەی خۆیدا دەڵێ: "من دەمرم، بەڵام وەچەی داهاتوو، بە بۆنەی کوشتنی منەوە ئێوە مەحکووم دەکاو ئەم رووڕەشی‌یە بۆ هەمیشە بۆ ئێوە دەمێنێتەوە."

قازی محەممەد لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئێوە من دەکوژن، بەڵام دڵنیا بن منداڵانی داهاتووی کوردستان، هەرکامیان قازی محەممەدێکن‌و ئاڵاهەڵگری حەقیقەتێکن کە من لە پێناویدا گیانی خۆم داناوە." سەرئەنجام سوقرات دەڵێ: "ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بەرەو مردن رەوانە بکرێم‌و ئێوەش دوای ژیانی خۆتان بکەون، بەڵام کام یەك لە ئێمە داهاتوویەکی گەشمان دەبێ؟، ئەوە تەنیا خودا دەزانێ."

قازی محەممەد لەبارەی تاوانەکەی خۆیەوە دەڵێ: "ئێستا بەرەوپیریی مەرگەوە دەچم لەبەر ئەوەی کە نەمویست لە رۆژە دژوارەکاندا نەتەوەکەم بەتەنیا بهێڵمەوەو دەست لە خاك‌و نیشتمانەکەم هەڵگرم. من خزمەتکردن بە نەتەوەی کوردم هەڵبژاردوەو تا دوایین هەناسەش لە پێ‌نەکەوتم. بە هاوکاریی خودای گەورە سەرەنجام دوژمنانم شکست دەدەم. هیوادارم قسەکانی منتان قەبووڵ کردبێ. سەربەرزی بۆ ئێوەو نەمان بۆ دوژمنانی کوردستان.

مراد ما نصیحت بود و گفتیم
حوالت را با خدا کردیم و رفتیم."

**سوقرات:**

**ئێوە هیچکات ناتوانن راستیی قسەکانی خۆتان بسەلمێنن‌و نیشان بدەن کە من لە دژی خودا شەڕ دەکەم‌و، هیچکاتیش ناتوانن نەزانیی خۆتان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن**

### ئەنجام

زمانی حەقیقەت، زمانی هاوبەشی مرۆڤەکانەو مرۆڤ بوونیش لەگەڵ حەقیقەت‌و حەقیقەتخوازی مانا پەیدا دەکا. بەم هۆیەوە زمانی ئەو مرۆڤانەی کە لە رێگای حەقیقەتدا گیانی خۆیان فیدا کردوە یان تووشی ئەشکەنجەو ئازار بوونەتەوە، لە سنوورەکانی مێژوو کات‌و شوێن تێ‌دەپەڕێ. بە روونی دەتوانین نیشان بدەین کە ئاتێن‌و مەهاباد یان باشتر بڵێین یوونان‌و کوردستان، سەرەڕای دوو هەزارو سێسەد ساڵ مەودای مێژوویی‌و مەودای زۆری شوێن، بە چ شێوەیەك لە یەکدی نزیك دەبنەوە. بە تێڕامانێك لە دادگایی شەهیدی فەلسەفەو شەهیدی دێموکراسی‌و بە لۆژیکێکی دیکە دەتوانین بڵێین بگەینە ئەم باوەڕە کە کوردستان‌و یوونان، هەرچەند لە پێناو مێژوو مرۆڤایەتی‌دا [خوێنی] زۆریان بەخشیوە، بەڵام دەسکەوتی هەردووکیان لە ئازادی‌و حەقیقەت، بە رادەی ئەو خوێنە نەبووە، ئەگەرچی نابێ لەبیرمان بچێ، بوونی سوقراتێك لە یوونان‌و قازی محەممەدێك لە کوردستان، نیشاندەری ئەم راستییەن کە مرۆڤەکان‌و نەتەوەکان لەو کاتەوە کە ئیرادە دەکەن ئازاد بن، ئازادن. هەروەها دەتوانرێ دووبارە لەسەر ئەم باوەڕە جەخت بکرێتەوە کە مرۆڤەکان‌و نەتەوەکان دەتوانن بێ ژیان، ئازاد بن، بەڵام هیچ مرۆڤو هیچ نەتەوەیەك ناتوانن بەبێ ئازادی گەورە بن.

# پرۆفیسۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ: ئێمە لە کەش‌وهەوای کۆماردا دەژیاین، وتمان ساڵی پێ ناچێ پێشمەرگەی کۆمار دێ‌و سلێمانیش ئازاد دەکا

## هەڤپەیڤین لەگەڵ پرۆفیسۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ

**هەڤپەیڤین: فواد خاکی‌بەیگی**



**د. عزالدین مستەفا رەسووڵ:**

**ـ لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە.**

**ـ خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دوا ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە.**

**ـ خوێندنی لیسانسی بە هۆی باری سیاسییەوە لە نێوان بەغداو شام دا بووە.**

**ـ لە ساڵی١٩٦٣ لە "باکۆ" دکتۆرای وەرگرتووە لە سەر نامەیەك بە ناوی " ریالیزم لە ئەدەبی کوردی دا".**

**ـ ماوەیەکی زۆر لە رادیۆی دەنگی گەلی عێراق کە بە نهێنی لە "سۆفیا" بڵاوکراوەتەوە لە گەڵ کاك حەسەن قزڵجی‌و کاك عەلی گەلاوێژ کاری کردووە.**

**ـ ماوەی (١٠) ساڵ وەك بێ لایەن لە سەر لیستی یەکیەتی نیشتمانی کوردستاندا ئەندامی پەرلەمان بووە.**

**ـ کۆمەڵێکی زۆر بەرهەمی نووسین‌و وەرگێڕانی هەیەو ئێستاش لە زانکۆی سلێمانی‌و کۆلیژی ئەدەبیاتی خانەقین وانە دەڵێتەوەو سەرپەرشتی نامەی فوق لیسانس‌و دوکتۆرا دەکا.**

**پ: بەڕێز پرۆفیسۆر وێرای سوپاس بۆ ئەوەی ئەم دیدارەت قەبووڵ کرد، وەك یەکەم پرسیار لە بەڕێزتان دەپرسم کە کۆماری کوردستان وەك یەکەم کیانی سیاسی نەتەوەی کورد لە شکلی کۆماری دا خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژوویی نەتەوەکەماندا، هۆکاری دامەزران‌و کەش‌و هەوایی ئەو کاتی کۆمەڵگای کوردستان چۆن بوو؟**

و: زۆر سپاس بۆ ئێوەش. جارێ یەکەم کە دەڵێی کۆماری کوردستان زۆرم پێخۆشە کە وا دەڵێی، چەند جار بە نووسین‌و بە وتن، دەمهەوێ ئەو ئیستلاحەی کۆماری مەهاباد نەهێڵم، لە هیچ بەڵگەو نوسینێکدا وەك دەڵێن راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، نەوتراوە کۆماری مەهاباد، کۆمارێکی کوردەو دامەزراوەو پێتەختەکەی شاری مەهاباد بووە، کەشی پاش جەنگی دووەمی جیهانییەو سەرکەوتنی بەرەی دێموکراتیکی بە سەر فاشیزمدا، لەگەڵ فاشیزم‌و رۆشتندا دیاردەیەك یان نوێنەرێکی فاشیزم کە رەزاشای پەهلەوی بوو نەما، کە نەما شوێنەکەی بە محەمەدرەزا شای کوڕی چۆڵکرد کە زۆرتر سەر بە رۆژئاوا بوو نەك فاشیزمی هیتلێری، رۆژئاواو بە تایبەت ئەمریکا ئەوەیان دەویست. راپەڕین‌و وریابونەوەی خەڵك هەبوو لە کوردستان‌و خوارووی ئازەربایجاندا، کاریگەریی نەمانی فاشیزم دەیویست بگاتە ئەنجامێك. ئەنجامەکەش چی بوو؟ کە کورد دەمێك بوو لە یەکەمین شۆڕشی هاوچەرخ لە ساڵی١٩٨٠دا لە شێخ عوبەیدوڵلانەهرییەوە تا شێخ مەحموودی حەفید، کورد ئاواتی هەر ئەوە بووە دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەبێ. تا ئەمرۆش هەر یەك دروشم‌و یەك ئاواتە. ئینجا جاری وا هەبوو ئاواتەکە بەرزتر نیشان دراوە، جاری وا هەبووە بە پێی رۆژ تۆزێك بچوکی دەکەینەوە، لەو کەشەی پاش جەنگی دووهەمدا، هەلێك بۆ کوردو ئازەری لە ئێراندا هەڵکەوت، کە قەوارەیەك بۆ خۆیان دابنێن کە لە کوردستان ساڵی ١٩٤٦دا گەیشتە ئەنجام‌و کۆماری کوردستان لە کوردستان راگەیەندرا.

پێش ئەوە بە سێ ساڵیش حکومەتی مەرکەزی لە کوردستاندا نەبووە، پێشەوا کە ببوە سەرکردەی ( ژ. ك) دوای لە سەر بناخەی ژ.ك ، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات، قازی لە واقیع دا حوکمی شاری مەهابادو دەوروبەری دەکرد. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦دا کە سوپای سۆڤیەت لەو ناوە بووە، دوو کۆمار راگەیەندرا (کوردستان‌و ئازەربایجان). زۆرجار لە ئەدەبیاتی سۆڤیەتییەکاندا دەنووسرا کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستان یان ئازەربایجان ئەوەش بۆ شوێنە ونی بوو، دەنا لە ناو شاهەنشاهی دوو کۆمار یانی چی؟ بە ناوی ئۆتۆنۆمی. لە راستیدا پێوەندیان بە تارانەوە نەما. بەڵام بۆ ئەوەی لە دەرەوە

> **لە شێخ عوبەیدوڵلانەهرییەوە تا شێخ مەحموودی حەفید، کورد ئاواتی هەر ئەوە بووە دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەبێ. تا ئەمرۆش هەر یەك دروشم‌و یەك ئاواتە. ئینجا جاری وا هەبوو ئاواتەکە بەرزتر نیشان دراوە، جاری وا هەبووە بە پێی رۆژ تۆزێك بچوکی دەکەینەوە**

نەڵێن ئەوە ئێمە هاتووین‌و ئەرتەشی ئێمە لەوێیەو کوردو ئازەریمان جیاکردۆنەوە لە نووسینەکاندا ئۆتۆنۆمی دەنووسران. بەو لایەشدا نەدەچوو کە سوپاکانی سوێندخۆران کە بڵێین شۆرەویی‌و ئەمریکاو ئینگلیز بکشێنەوە، دەسەڵات بدرێتەوە دەست حکومەتی ئێران کە بتوانێ ئەو دوو کۆمارە نەهێڵێ، بارەکەی نێوخۆو دەرەوەش باش دەزانن هەر ئەوەش نیە ئێمە بیدەین بە سەر لایەکدا. بە سەر شۆرەویدا گوناهەکەی یان بە سەر ئەمریکادا، باری نێوخۆش کۆمەڵێ شتی لە بۆ رووخان تێدا بوو، هندێك بەربەرەکانێ کرا سوپای ئێران راگیراو نەهات بەرەو مەهاباد لە ئازەربایجانەوە، بەو حاڵەش پاش جەنگ کە ئەو دوو کۆمارە دروست بوو، ئەوەیە کە ئێمەش دەزانین نیاز ئەوە نەبوو کۆمارەکە وا بمێنێتەوە، بەڵکو لەو باوەرەدا بوون کە کوردستان وردە وردە یەك دەگرێ.

ئەو بارە دەوڵەتییە کە ببوە یاریدەدەر بۆ دروست بوونی کۆمار هەر ئەو بارە دەوڵەتییەش باندۆر لە سەر نەمانی کۆمار دانا، ئەو قوربانییە گەورانەش درا کە نمونەی هەرە گەورەیان لە سێدارەدرانی پێشەواو هاوڕێیانی بوو.

**پ: کۆماری کوردستان هەوڵدەدا سیستمی عەشیرەیی‌و دەرەبەگی هەڵوەشێنێ، ئەوەش بە دەرکردنی بڵاوکراوە کوردییەکان، دامەزرانی رێکخراوە سێنفیەکان، بوونی ئەرتەش‌و سوپای میللی، تا چەند ئاگاداری ئەو رەوتەن‌و چۆن هەڵیدەسەنگێنن؟**

و: لە راستیدا هەر چەند برایانی ئازەری ـ پیشەوەری دەوروبەری، ئاشکرا کۆمونیست بوون بەڵام پێشەوا قازی محەمەدو دەوروبەری کۆمونیست نەبوون، ئانتی کۆمونیستیش نەبوون‌و دۆستی شۆرەوی بوون . پێشەوا قازی محەمەد چەند جار چۆتە باکۆو لە وانەیە زیاتریش چوبێ، قسەش هەیە بەڵام دیکۆمێنت نیە کە گەیشتبێتە مۆسکۆو ستالینیشی دیتبێ، بە هەرحاڵ ئەوان کۆمونیست نەبوون‌و دوژمنی کۆمونیستیش نەبوون، دێموکرات خۆیان نیشان دەدا دێموکراتیش دوژمنی دەرەبەگایەتییە، دوژمنی ئەو خەڵکەیە کە زەوی بە دەست ئاغا بێ جوتیار هیچی نەبێ، سوتەمەنی هەموو شۆڕشێکی کورد، جوتیارو لادێنشینی کورد بووە، جوتیاری کورد پێشمەرگەی ئەو شۆڕشانە بووەو سوتەمەنی بووە دێهاتی کورد قوربانی زۆری داوە لەبەر ئەوە کۆمارێکی دێموکراتیك بووە، ڕاستە نەیویستوە تێکی بدا لە گەڵ ئاغاو لە گەڵ عەشایرو هەوڵیدا رایانکێشێ بە لای خۆیدا، ئەگەر سەیری حکومەتەکە بکەین خەڵکی شارستانی زۆر تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی وەك فەیزوڵابەگییەکان بە هەموو گیان‌و تواناوە هاتنە پێشەوەو قوربانییان داوەو چوونە سەر سێدارە. بە مانای ئەمڕۆ چینی کرێکارێکی وا نەبوو، بەڵام جوتیار بناغە بوو، بەڵام کۆمەڵێ ئاغای تێدا بوو بە هەستی کوردایەتی‌و بە ئاواتی ئەوەی کورد ببێ بە شتێك لە گەڵیا بوون.

من لە یادگارو یاداشتی هەندێك لەوانە کە نووسیویانە، چاپکراو چاپنەکراو، ئەو کێشەیە هەبووە، کە لاو، گەنج بیری کۆمونیستی یان هەبووە، پێشەوا دوژمنیان نەبووە، بەڵام لە گەڵیشیان نەبووە، هەوڵی داوە کە رێ لە تیژڕەوی بگرێ، بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە لە دەرەوەی کۆمارەکە بێ‌و بتوانن فراوانتری بکەن، مێژوو ئەوەیە کە رۆیشت.

د. قاسملووی شەهید، دەڵێ: مێژوو ئەوەیە کە بوو، مێژوو ئەوە نیە کە ئێمە ئاواتی بۆ دەخوازین، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو تاقە ساڵەی کۆمار تا ئەمرۆکەش هەر شوێنەواری ماوە، ئەوەتا پاش رووخان، حیزبی دێموکرات وەك تەشکیلات دروست بووەوە، هەر لەبەر ئەوە کۆمار شتێکی گەورەیە لە مێژوویی کورددا کە لە سەدەی بیستەمدا کە کورد ئیدارەی خۆی بە دەستەوە گرت پاش مەلیکیەتی شێخ مەحمود لە شاری سلێمانی.

**پ: مامۆستا، هاواری نیشتمان زمانحاڵی یەکیەتی لاوان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا بووە تا چەند ئاگاداری ئەو گۆڤارەو کارەکانی یەکیەتی لاوانن؟**

و: شتی تایبەت بە لاوان زۆر بوو، بەڵام نەك بە ناوی لاوان، ئەوەی من بزانم یەکیەتی جەوانانیان پێ دەگوت پێشەوا قازی محەمەد خۆی تینی پێداو سەرپەرشتی کارەکانی دەکرد، بەڵام وەك هاواری نیشتمان زۆر ئاگادار نیم.

دەوری لاوان باش بوو لە گەڵ برادەرێکی بانەی دانیشتبووین باسی دروست بوونی حیزبی دێموکراتمان دەکرد پاش روخانی کۆمار، کۆمەڵێك یاداشت هەیە قسەی لە سەرەو هەریەکەو شتێ دەڵێ. بەڵام لە واقیع دا کۆمەڵێ لاوی مەهابادی بوون کە پاش لە دەستدانی پێشەوا حیزبی دێموکراتی یان بوژاندەوە. لە واقیعدا مێژوویی حیزبی دێموکرات بە روونی بنووسرێتەوە زۆرباشە کە کورد پاش هەر هەرەسێك هەستاوەتەوە تێدا نیشان بدرێ.

ئەزمونی کوردستانی عێراقیش پاش ساڵی٧٥ نمونەی ئەو کۆڵنەدانەیە. ئەوە بوو کە پاش لە سێدارەدانی پێشەوا کۆمەڵێ لاوی سابڵاغی بوون حیزبی دێموکراتی یان بوژاندەوە نەك ئاغایەك یان مەلایەك.

**پ: مامۆستا ئەو دەسکەوتانە چین کە کۆماری کوردستان لە ماوەی کەمتر لە یەك ساڵ تەمەنی دا بۆ نەتەوەی کوردی بە دیاری هێنا؟**

و: ١ـ خوێندن بە زمانی کوردی، لە بیرمە ئەو کات رۆژنامەی " کوردستان" هەبوو کە چوار لاپەڕە بوو لە لاپەڕەیەکدا لە سوچێك خوێندنی سلێمانی ( ڕا ـ روو) و... باس دەکرا دواتر هەموو کران بە کتێبێك بۆ پۆلی ١ی سەرەتایی، ئەو رۆژنامەیە لە رێگایی باوکمەوە لە مزگەوت دا بڵاودەکرایەوە.

٢ـ لە ڕێگایی رادیۆ بە شێوەی بڵێندگۆیی شێعرو گۆرانی بۆ خەڵك بڵاودەکرایەوە کە بۆ خەڵکی رۆڵی رۆشنگەری هەبوو.

٣ـ کۆمەڵێ شاعیری گەورە لە کورددا هەڵکەوتن وەك هەژارو هێمن، حەقیقی‌و خاڵەمین کە بەرهەمی ئەو قۆناغەن.

٤ـ روناکبیرانی شوێنەکانی دیکە دەبرانە مەهاباد کە رۆڵی روناکبیریان هەبوو وەك جافر خەندان‌و میرزا ئیبراهیم ئۆف لە ئەدەبیاتی شۆرەوی، لێرەشەوە مامۆستا کەریم زەند چوو بۆ ئەوێ لە واقیعدا سنووری چالاکی کۆمار هەمەرەنگ بوو، بەڵام ئەوەی جێگای داخە کەموکوڕییەکانمان دووبارە دەبنەوە سوود لە ئەزمونی پێشوو وەرناگرین ئەوەیە یەك نین، ئەوەی خانی دەڵێ: ئەوەندەی لە شوجاعەت دا ئازان لە بەر ئەوە منەت قەبووڵ ناکەن.

چڵ ساڵ خەباتی د. قاسملووی شەهید کتێبێکی رەنگینەو بە شێوەی زانستی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی دەست نیشان دەکا، لە بەر ئەوەی کەسێکی خوێندەوارو پلەی جیهانی نووسیویەتی بڕیارم داو بە پێشەکییەکەوە کردم بە عەرەبی.

**پ: کاك دکتۆر ئەگەر بڕوانینە ئەو سەردەمە، سەردەمی بە جیهانی بوون، کۆمەڵێ بیرو ئەندێشە زاڵن‌و بوونەتە هێژمونی وەك دێموکراسی، ئازادی ژن، سیکۆلاریزم لە واقیع دا هەر ئەو ئەندێشە سەوزانەیە کە پێشەوا قازی محەمەد ٦٢ ساڵ لەوەو پێش لە کۆماردا باسی کردووە، بە بڕوای جەنابتان بۆ ئێستاکەش ئەندێشەی زاڵن بە سەر کۆمەڵگادا؟**

و: زۆر راستە، هێشتا ئەندێشەی زاڵن چونکە نەگەیشتۆتە ئەنجام، ئەو شتانەی لە بیری پێشەوا بوون هێشتا نەگەیشتونەتە ئەنجام، پێشەوا هەر خاوەن دەسەڵات نەبوو بەڵکو خاوەن بیرو ئەندێشەش بوو، هێزی پێشمەرگەی دروست کرد. دیارە وشەی سەربازیش هەبوو، بەڵام ئەوان داهێنەری ناوی بەرزی پێشمەرگە بوون، ئازادی ژن هەبوو، رێگا درا ژن بێتە مەیدان‌و ناوی چەند ژنێك هەیە لە مینا خانم خێزانی خۆیەوە دەستی پێکرد وەك دواتریش مامۆستا برایم ئەحمەد کە خۆی ئەندامی ژێکاف بوو لە شۆڕشی ئەیلولدا لە ئەزمونی پێشەوا کەڵکی وەرگرت. جا ئەوە پەرلەمان دادەنرا یان نا، ژن دەسەڵاتی دەبوو یان نا ناتوانین بە روونی باسی بکەین، بەڵام کۆمارەکە رووخا ئێستاشی لەگەڵدا بێ یادێکی نەمری لە دڵ‌و دەروونی هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەر دا هەیە.

بۆیە د. قاسملووی شەهید باسی دەکرد، پێشەوا گوڵێك بوو لە سەحرا ڕوا بوو هەم لە تیۆریدا هەم لە پراکتیکدا شتی تایبەتی خۆی هەبوو. بەڵام حکومەتێکی کوردی بوو کە وێنای دەسەڵاتی کوردی دەکرد. ئەم هەرێمەی ئێمەش دەبێ هەموومان بە هی خۆمانی بزانین هەڵوێستی حیزبی دێموکراتم لە پەرلەمان باس کردووە کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە هی خۆی دەزانێ، بەڵام کەسی واش هەیە بە هی خۆی نازانێ.

لە ساڵێکدا کۆمار زۆر شتی کرد، کۆمەڵێ شتی بەنرخی بۆ حیزبی دێموکرات بە جێ‌هێشت بۆ میللەتی کوردی بە جێ هێشت. پاشان د. قاسملو حیزبی پتەوتر کرد دواتر کاك دکتور سەعید پێگەیشت، ئەوانەی لە سەرکردایەتی حیزبدان‌و سەرکردەن د. قاسملوو هێنایینیە مەیدان. بۆ وێنە ٧٩ـ٨٠ ی زایینی ئەوانەی لاو بوون هاتنە کۆمیتەی مەرکەزی بۆ وێنە شەهیدەکان غەفوری هەمزەیم لە بیرەکە لاوێك بوو هاتە نێو کۆمیتەی مەرکەزی خەڵکی وا هەبوون دەیانگووت ئەو لاوانە چین هێناونی؟ بەڵام کوڕێکی ئازاو بە جەرگ بوو لە یەك رۆژدا لە بەغداوە دەهاتە بۆڵێ‌و دەگەڕایەوە. بە هەر حاڵ ئێمە ئێستاش پاش ٦٢ ساڵ دەبێ لەو ئەزموونە فێر بین جیابوونەوە دابڕان رودەدا بەڵام گرینگ ئەوەیە گەر نەیتوانی پێکەوە ئیش بکەی بتوانی لە حیزبی دیکەدا پێکەوە هاوکار بن.

> **د. قاسملووی شەهید، دەڵێ: مێژوو ئەوەیە کە بوو، مێژوو ئەوە نیە کە ئێمە ئاواتی بۆ دەخوازین، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو تاقە ساڵەی کۆمار تا ئەمرۆکەش هەر شوێنەواری ماوە، ئەوەتا پاش رووخان، حیزبی دێموکرات وەك تەشکیلات دروست بووەوە، هەر لە بەر ئەوە کۆمار شتێکی گەورەیە لە مێژوویی کورددا**

**پ:. مامۆستا دەکرێ بیرەوەریەکی خۆتمان بۆ باس بکەی لە سەردەمی کۆماردا؟**

و: ئێمە لێرە بووین بیستمان مامۆستاکەمان مامۆستا کەریم زەند چووە بۆ مەهاباد برایانی قەڵادزێ رۆشتن بەڵام رۆژنامەی کوردستان بەرێك‌وپێکی دەهات لە رێگای باوکمەوە لە مزگەوت بڵاودەکرایەوە، باوکم لە وێ باسی کەسایەتی پێشەوای دەکرد.


لەبیرمە لە نەورۆز دا ئوستانداری سلێمانی هات ئەوانەی ئەو بارودۆخەیان دەوێ با بچنە مەهاباد لێرە نەمێنن، ئێمە لە کەش‌وهەوای کۆماردا دەژیاین، وتمان ساڵی پێ ناچێ پێشمەرگەی کۆمار دێ‌و سلێمانیش ئازاد دەکا.

**ـ زۆر سوپاس بۆ بەرێزتان.**

**ـ منیش سوپاسی ئەو بە سەرکردنەوەیەو ئەو وەفایەتان دەکەم.**

# ڕێبەندان

سوارە ئیلخانیزادە



بیرەوەریی دووی ڕێبەندان
دەمخاتە سەر بەستەو بەندان
ڕێبەندانی ڕێ نوێنە
لە دوژمنان سەرشێوێنە
دوژمنی کورد جێ‌پێی لێژە
با بگێڕین گەرە لاوێژە
****
هۆ هۆ شوانە ! بە نەغمەی تەڕو پاراوت
بە بلوێری لەخەمو دەردا سووتاوت
باروژێنە گیانی خەوتووی گەزیزەی هەرد
بە سوارۆیێک بە حەیرانێک، دامرکێنە بڵێسەی دەرد
****
هۆ هۆ جووتێر! جووتێری چەوساوەی خەمان
خاڵە ڕێبواری خەیاڵت نیشتەجێ بوو، خەمان نەمان
بە ئارەقی نێوچاوانی بەرزو تەرزی کرێکاریت
چناری هیوا با شین بێ لە کووزی رووی دەردەداریت
****
ئەی کچی جوان! ئەی یەزدانی داوێن پاکی!
دیلانێ بگێڕە بەسەر چوو دیلی وەزلیلیو خەمناکی
ئەو هەورییەی لە دەوری دارت پێچاوە
لە دەوری دەستت هاڵێنە بە دەم سووڕانی سەماوە
شایی دەگەڕێ لە دێیان
گیان هاتۆتە ئاسۆی گوێیان
دیلانە لە هەموو ماڵان
پیرۆزبایی لە هاوڵان
شایی نەدارو هەژارە
ئەوجار هەژار خۆی سەرداره
مەڵبەند بەهاری تێزاوە
"قازی"ی مەزن هەر وەک کاوە
هێزی کۆمەڵی لە پشتە
هەودای خاوی هیوا کشتی
****
قورینگ چلەی زستان دەبڕن
چاویان لە کوردستان دەبڕن
بەپۆل گوڵن لە شەتاوان
دەخەملێنن دەم چۆماوان
بیستوومە لە کۆنە پیاوان
سەر گورشتەی خاوەن ناوان
لە سەخڵەتا خۆشی دیارن
هەر زۆرە کوژەی زۆر دارن
نەزیلەی باپیران وایە
شەو بۆ مێردان وەک قەڵایە
شەوەی شەو لەشی کوشی بووین
ڕێبەندان ڕێگای تەنیبوون
گیانمان خارا بە دەردو ئێش
ڕێگای ئازادین گرتە پێش
پاش چەن ساڵ لە نوور دووریمان
هەڵبوو چرای جمهووریمان
با بگێڕین زەماوەندێ
با بۆتان بڵێم سەربەندێ
ئەوجار چینی فەلاو کرێکار
قەت ناڵێن خۆزگەمان بە پار
دەریهاویت تۆوی دژی
ڕەنجبەر بژی، بژی، بژی

# یادو ژیانەوە

فەریدوون ئەرشەدی



یازدەی مانگی قڕ پەمەیی
یازدە مانگی ژانگرتنی کارێزو زاوزێی کانی،
یازدە مانگی‌کەروێشکەی ئاسوودەی گەنم.
یازدە مانگ بوو
پارچەیەکی ئا ئەم دڵە لەتو پەتە
سەرمەست بوو بە سەمای شارو لادێ.
لەو دەرفەتە پڕ لە ڕەنگی بێ ئەژمارو
لە گاوڵکێو دارەدارەی ئازادیدا
بۆ یەکەمجار
کەروێشکی دڵ
لە سێبەری خەیاڵی خۆی نەدەترسا
هەویری خەون
لە بەربەیانی هۆبەدا
بەسەر ساجی متمانەوە دەبوو بە نان.
پەرژینی درک
حورمەتی باڵی پەپوولەو
خاڵی ملی کەوی دەگرت.
***
ئەگەر ئاڵاو ئەگەر چنوورو وەرکەمەر
ئەگەر پوولەکەی ماسیو
زیخو چەوی کانیاوی ئەم کوێستانە خەڵتان خوێنە
یەکجار لەبەر
تریفەی بەختا لەنجەی کردبێ
گەر لاجانگی داسی ماندووی
جووتیارێکی دەورووپشتی چۆمی مەنگی مەجیدخانو
ئەگەر پێمەڕەی قوراویی مەزراکانی میاندواو
تەورداسی دارکەرێکی قەد پاڵەکانی ئەرباباو
بەردە نوێژی بەر هەسێڵی باخەوانێکی مەهاباد
سروەی خەوی بێ‌مۆتەکەو گمەگمو
شەقەی باڵی ئازادیيان
پێ‌گەیشتبێ،
ئەوا ئەمڕۆ، دووی ڕێبەندان
سەربەرزترین
ڕۆژی ئەم سەردەمە
پڕ لە گرمەو ڕاپەڕینە !
ئەمڕۆ دەبێ لەبەر پێی ڕۆژێکدا هەستمە سەرپێ
وا بەقەدەر بەفری ژێر چەناگەی
ڕێواسێکی باریکەی کەلی گاران جوانە،
ئەمڕۆ دەبێ
لە پەنجەرەی مانگێکەوە
بڕوانمە پێدەشتی ژین
وا بەقەدەر گەرووە زامدارەکەی "قازی"
پڕشانازیو پڕئازارەو
بەقەدەر خۆیو ناڵینی کەڵە کێوی "کورەمیانە"ی مێژووم
بە گڕو خوێنو نەوتو پیلان
ڕێ لەناوو ڕێ لە ڕێگاو
ڕێ لە ڕێبواری ناو بەفرو بۆرانی گیراوە
***
ڕەنگە ئێستا نیشتمانم
ڕەنگێکی بێ وەکوو ڕەنگی پاش هێرشی گەڵاڕێزان
ڕەنگە ئێستا قومریانی سەر سێدارە
ڕەنگێکیان بێ
شین وەک ئاسمانی ساماڵی وڵاتەکەم،
بۆیە بە ڕێگای بارانداو
بە ڕێگای فرمێسکی بەفرو
لە کزەی جەرگی خوشکی شەهیدێکەوە
دێمەوە سەر ڕێگاو بانی
خوارو خێچی ئەم ڕۆژگارەو
لەبەر کازیوەی ئەم ڕۆژەدا
چەپکێ گوڵاڵەی شەرەفو
چەپکێ شلێرەی ئومێدو
گوڵە گەنمێ دادەنێمو
کڕنۆش دەبەم،
لەپی دەستم، دەنێمە سەر دڵە خاکو
ترپەی گەرمی ئەو ڕۆژانەی
خۆری تێدا لەدایک دەبوون
دەهێنمەوە بۆ ئەم ساتە کزو مەنگی سەرهەڵدانەو
جارێکی‌تر دەژیمەوە.
جارێکی‌تر لەگەڵ هاوارە بەردینەکانی "فەقرەقا"و
نێرگزە شیناوەکەی سەردەشتو دارگوێزەکانی "دزلێ"و
پاوەنێکی"تەرگەوەڕ"ڕا،
لەگەڵ داربلچێکی "ئارێز"و
هەڵاڵەی "بێستون"و
شەپۆلەکەی گوڵی "ورمێ"و"زرێبار"و
لەگەڵ گەڵا گەڵای بێشەڵانی "دارەلەک"دا
دەژیمەوە.
دیسانەوە لە مەیدانی "چوارچرا"ڕا
لەژێر خۆری سەربەستیدا
دەشنێمەوە، دەشنێمەوە.

# کۆماری کوردستان و هونەر

## فاتیح ساڵحی

هونەر دیاردەیەکی مرۆییەو مێژووەکەی لەگەڵ سەردەمی دروستبوونی مرۆڤدا گرێی خواردوە. لەم پێوەندییەدا هەنووکەش کەس ناتوانێ ڕێکەوتێکی دیاریکراو بۆ سەرهەڵدانی هونەر دەسنیشان بکا. بەڵام بە بێ هیچ گومانێك گەشەسەندنی هونەر بە بێ پاڵپشتیی کۆڕو کۆمەڵە مەدەنیو دەوڵەتییەکان دەستەبەر نەبووە. یانی ئەگەر لە قۆناخێکدا هونەری وڵاتێك یان خود ناوچەیەکی جوگرافیایی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە، ئەمە لە سێبەری دەسەڵاتێکی مادیدا بەدیهاتووە. بۆیە حکوومەتەکان لە درێژەی سەدەکانی مێژوودا گەورەترین پاڵپشتی هونەر بوونو بە هەمان رادەش لە برێك جار دوژمنایەتیی هونەریشیان کردوە. ئەڵبەت لێرەدا ئێمە لەسەر خودی پاڵپشتیکردن یان دژایەتیکردن لەگەڵ هونەردا لە لایەن حکوومەتەکانەوە قسە ناکەینو باس لە چوارچێوەیەکی یاسایی دەکەین کە گەشەسەندنو پەرەپێدانی هونەر لە ناخیدایە، نەك ئەوەیکە لە رواڵەتدا باس لە هونەر بکاو لە واقیعی خۆیدا دژایەتی بکا. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەتایبەت میزۆپۆتامیا یەکێك لەو شوێنە پڕ بایەخانەی جیهانن کە بە هەزاران شوێنەواری کۆنو بەرهەمی هونەری تێدا دۆزراوەتەوەو ئەمەش وا پیشان دەدا کە خەڵکانی ئەم ناوچەیە هونەر لە ناخیاندا بووە، ئەڵبەت زۆربەی ئەم شوێنەوارو بەرهەمانە لە سەردەمانێکی ئێگجار کۆندا دروست کراونو تەنانەت ڕێکەوتی دروستبوونی هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش لە دروستبوونی مێژوو. بەڵام بەداخەوە لە سەدەی بیستەمدا لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بزووتنەوەیەکی هونەری نابینی یان خود حکوومەتێك نابینی کە پاڵپشتی لە هونەر بکا. بە پێچەوانە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهۆی نەخوێندەواریی خەڵكو کاریگەریی بەرچاوی هونەر لەسەر خەڵکی نەخوێندەوار، حکوومەتەکان بە تەواوی مانا لەگەڵ هونەری ڕەسەنو ڕاستەقینەدا دژایەتییان کردوە. ئەگەریش بە شێوەیەکی بەرچاو دژایەتییان نەکردبێ یا خود پاڵپشتییان نەکردبێ، هەندێ جار بە شاراوە ئەم کارەیان کردوە.

یان لە گرووپگەڵو کەسانێك پاڵپشتییان کردوە کە داردەستی خۆیان بوونو بە هەمان شێوەش سروشتی بووە کە لەگەڵ نەیارانی خۆیاندا دژایەتی بکەن. بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە حکوومەتە سەرکوتکەرو دیکتاتۆرەکاندا حکوومەتەکان بەگشتی لە هونەرو ئەرکو کاریگەریی ئەم دیاردە مرۆییە دەترسنو بە تەواوی کاروباری هونەرییان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، ئەڵبەت ئەم دەسبەسەرداگرتنە بە هیچ شێوەیەك لە قازانجو بەرژەوەندیی خەڵکدا نیە، بەڵکوو هاوتەریبە لەگەڵ سیاسەتەکانی حکوومەتە دیکتاتۆرە. وڵاتی ئێرانیش چ پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧داو چ دوای شۆڕشی ٥٧، بەداخەوە لەو وڵاتانە بوو کە حکوومەتێکی



دیکتاتۆرو میلیتار بە سەریدا حوکمڕانی کردوەو بەگشتی هیچ کام لەو دوو حکوومەتە چ نیزامی پاشایەتیو چ ڕێژیمی ئاخوندی لەگەڵ هونەری خەڵکیدا نەبوونو بە شێوەیەکی ئاشکرا دژایەتییان لەگەڵدا کردوەو تەنیا لە بیری دەوڵەمەندکردنی هونەری دەربارو حەوزەدا بوون. لە ئاوا دۆخێکدا لە ساڵی ١٩٤٥دا، لە یەکێك لە دواکەوتووترین ناوچە جوگرافیایییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە بواری ئابووریو پیشەسازییەوە کە زۆربەی دانیشتوانی نەخوێندەوار بوون، کۆمارێك دروست دەبێ کە بە دەرس وەرگرتن لە مێژووی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان هونەرو فەرهەنگ وەك ئامرازی پێشکەوتنی کۆمەڵگا سەیر دەکاو لە یەکەمین ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد، ئەم ڕاستییە خۆی پیشان دەدا کە حکوومەتی کۆماری کوردستان بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردستان، گرینگییەکی تایبەتی داوە بە پەرەپێدانو گەشەسەندنی هونەر لە نێو خەڵکی کوردستاندا، هەربۆیە جگە لە بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردیو خوێندن لە قوتابخانەکانداو بە زمانی دایکی وەك بنەڕەتی پێشکەوتنی بواری پەروەردەیی کۆمەڵگای کوردستان، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا بە دامەزراندنی سینەمای میلليو تیاتری کوردیو بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە، ئەم ڕاستیەی سەلماند کە حکوومەتی کۆماری کوردستان لە بنەڕەتدا پێشکەوتنخوازو مۆدێرن بووە. بە بێ هیچ گومنێك هونەری پێشکەوتوو، ئاماژەیەکە بۆ بوونی وڵاتو حکوومەتێکی پێشکەوتووە. چونکە هونەر سیمبۆلی فەرهەنگی هەر وڵاتێکەو لەم نێوانەدا تیاتر وەك دایکی هەموو هونەرەکان کە هەر ٦ هونەرەکەی دیکە لە خۆی دەگرێ، سیمبۆلی سەرەکیی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەکە. بە خۆشییەوە لە سەردەمانی کۆماردا هونەری تیاتر دەبێتە ئامرازی زانیاریپێدانی خەڵكو کەرەسەیەك بۆ ڕۆشنگەری لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، هەر بۆیە نمایشی **"دایکی نیشتمان"** لە کاتی خۆیدا توانی سەرنجێکی زۆر بۆ لای خۆی ڕابکێشێو کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بینەرانی دابنێ.

ئێمە لەم بابەتەدا هەوڵمان نەداوە دایکی نیشتمان هەڵسەنگێنین، چونکە سروشتیە کەمو کوڕی زۆری هەبێ، لەبەر ئەوەی کە تا ئەو کاتە نمایش لە لای خەڵکی کوردستان شتێکی نامۆ بووەو تەنانەت ڕۆشنبیرانی کوردیش لەو سەردەمەدا لەگەڵ نمایشدا بێگانە بوون. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، لە سەردەمی کۆماردا بایەخو بەهایەکی زۆر دەدرێتە تیاترو سینەماو ئەمەش دەیسەلمێنێ کە کۆماری کورد جیاوازییەکی بەرچاوی بووە لەگەڵ حکوومەتەکانی دیکەی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. حکوومەتێك کە بناغەکەی لەسەر هونەرو فەرهەنگو پەروەردەکردنی کۆمەڵگا دانرابێ، بێگومان دەسکەوتی ئێگجار گەورە بەدەست دێنێ. گەرچی بەداخەوە تەمەنی کۆماری کوردستان درێژ نەبوو، بەڵام بوونی ئێمە لە ئێستادا، دەسکەوتی کۆماری کوردستانە.

# کۆماری کوردستان هەوێنی ئەدەبو داهێنان

## شەریف فەلاح

ئەوەی کە دەڵێن هەر سەردەمێكو قۆناخێکی ئەدەبی خۆی دەخولقێنێ ڕاستە، چونکە ئەدەبو کولتوورو هونەر، هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگانو هەر ئەدیبێك ڕەنگدانەوەی ئازارو پڕ ئێشو ئازارو شادییەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی نەبێ، بێگومان دێر بتوانێ پێگەی خۆی بکاتەوەو خێرا دەمرێو لەبیر دەچێتەوە. قۆناخێکی زێڕینو درەوشاوە لە ئەدەبو فەرهەنگی کوردی توانی ببێتە دەستپێكو سەرهەڵدانو بووژانەوەی شێعرو ژیانو چیرۆكو پەخشان، سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی "ژێکاف"ە کە هەستو ڕۆحێکی نەتەوەییو شۆڕشگێڕانە کرایە باڵای ئەدەبی کوردیو مەهابادو موکریان بوونە مەکۆی هاتنە ئارای شەپۆلێکی بەگوڕوتین لە نووسینو داهێنانو وشەی کوردیو توانی هەنگاوێك هەڵێنێو لەدەست ئەدەبی بێگانەو هێژموونی ئەدەبی فارسیو عەرەبو تورکی تا ڕادەیەك ڕزگاری بێت. لەو قۆناخە زێڕینەدا، شاعیرانێکی وەکوو، سەیفولقوزات، سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)، خاڵەمینو ... توانیان تەمانێکی بەگوڕ بە ئەدەبی کوردی بدەن کە تاکوو ئێستاش ئەو بەرهەمانە هەر نەمرنو کاریگەرییان لەسەر ڕەوتو شەپۆلە ئەدەبییەکان ماوەتەوەو دەمێنێ. لە ساڵەکانی ١٣٢٠ی هەتاوییەوەو پاش پێگەشتنی دوو شاعیری نەتەوەیی واتە هەژارو هێمن ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە خاوەن ناسنامەیەکی نەتەوەیی ڕەنگینو کۆڵکەکەی زمانێکی پوختو پاراوی کوردی دانراو هەتاکوو دەهات ئەدەب بەرو لووتکەی داهێنان هەڵدەکشا.

شانبەشانی هێمنو هەژار شاعیری جوانپەرستو هەژاری نوسەرو زمانزانو داهێنەر دوو چاك سواری مەیدانی ئەدەب مامۆستایان حەسەن قزڵچی چیرۆکنووسو عەبدولڕەحمان زەبێحی چیرۆکنووسو نووسەر، ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگو کاریگەرییان لە بوژانەوەی ئەدەب بە تایبەت پەخشانو چیرۆکی کوردیدا هەبوو. ئەم شەپۆلە لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان پێی نایە قۆناخێکی تازەترەوەو ئەو هەلومەرجو بارودۆخە پڕ لە ئازادییەی کە لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی پڕ لە شانازیی یەکەم کۆماریو ڕەنگینی کورددا بوو بە بنەماو هەوێنی بوژانەوەی ئەدەبو هونەرو داهێنانو یەکەم کۆمارو دەسەڵاتی سەربەخۆی کوردی توانی لەسەر دەستی ئەدیبانو شاعیرانو نووسەرانو هونەرمەندانو ڕووناکبیرانی نیشتمانپەروەری کورد وەك ، هەژار، هێمن، زەبێحی، قزڵچی، سەیفولقوزات، ئاوات، خاڵەمین، قانێع، حەقیقیو ... شەپۆلێکی بەرین لە بوژانەوەی ئەدەبو هونەرو نووسینو پاپو بڵاوکردنەوەکان وەڕێ بخەن.

ئەو زمانو شەپۆلە ئەدەبییە لە سەردەمی کۆماردا کە پتر بە ئاراستەی نەتەوەییو ئەدەبی بەرگریدا هەنگاوی هەڵهێناو توانی لە ناوچەی موکریان بە تایبەت شارەکانی مەهاباداو بۆکانو بە پشتیوانیو بیرو هزری پێشەوای نەمر کە گرینگییەکی بەرفراوانی بە ئەدەبو نووسینو خوێندن دەدا توانی سیستمی پەروەردەیی خوێندن بە زمانی زگماکی فەرمی بکاتو بۆ یەکەمجار بە شێوەیی فەرمی وەزراەتی فەرهەنگو پەروەردە زەنگی قوتابخانەی کوردی لێداو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە مامۆستای کوردیزانو شارەزا لە بوارەکانی دیکەدا بۆ ئەو قوتابخانانە بانگهێشت کران. لە بواری چاپەمەنیو بلاڤۆکە کوردییەکاندا کۆماری کوردستان هەناگوی بەپێزو بەنرخی هەڵهێناوەتەوەو چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە وەك: ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری نیشتمان، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان، گۆڤاری هەڵاڵەو ...بوونە بنەمایەكو قۆناخێکی نوێتر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا. لە بواری هونەریدا نواندی چەند شانۆیەکی کوردی بە تایبەتی لە هەمووان ناودارتر "شانۆی دایکی نیشتمان" پیشان درا کە ئێستا توێژەرانو هونەرمەندان ئەو شانۆیە شرۆڤە دەکەن.



مامۆستا هەژارو مامۆستا هێمن

ئەدەبی کۆماری کوردستان ئەوەندە بە گوڕوتین بوو کە توانی پەلوپۆ بهاوێ بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانو بە هۆی سەردانو ئاوەرەیی ئەدیبان دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان وەکوو هەژارو هێمنو قزڵچیو زەبێحیو ... بۆ کوردستانی عێراق، توانیان بناخەی دوای خۆیان پتەوتر بکەنو لە هەر شوێنێك کە بۆیان ڕەخسابێ پەرەیان پێداوەو لە ڕاستیدا هەڵگری ڕۆحی نەتەوەییو ئەدبی سەردەمی کۆماری کوردستان بوون. ئەگەر بە چاوێکی وردبینانەترەوە بڕوانینە ئەدەبی سەردەمی کۆماری کوردستان دەبینین کە کۆماری کوردستان، مکۆی داهێنان، نووسین، بزاوتە ئەدەبیو ڕووناکبیرییەکانو ... بوو توانی ببێتە چاوگەی ئەدەبی منداڵانو هاندانی لاوانو مێرمنداڵان، ژنان بۆ خۆدەرخستنو بوارڕەخساندن بۆیان. کەوابوو کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ئاوێنەی باڵانمای ئەدەبو ئاخێزگەی ئەدەبی مودێڕنی کوردی بوو.

# ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان





نیشتمانپەروەرەکان، سەروەرەکان
لاوەکان، هاوەتەنان، ڕەهبەرەکان
جێژنی ئازادی کوردستانە
مەقیعی کارو لە خەو هەستانە
غەرقی خۆشیمو سوپاسی باری
هەڵکرل بەیرەقی خودموختاری
ڕۆژی عەیشو تەربەو شادی کورد
هەڵکرا پەرچەمی ئازادی کورد
هەڵدرا خەیمەی ئەوڕەنگی وەتەن
هەڵکرا بەیرەقی سێ ڕەنگی وەتەن
خونچەی بەختو تەرەقی پشکووت
لە چیاو دەشتی وەتەن هەردوو بەجووت

کوردە تۆ خاوەنی عەزمێکی قەوی — شاهیدی غیرەتی تۆن خەڵکی زەوی
کە ئەوی دیووەمە ئەوا دیمەوە من — مردبووم گەرچی ئەوا ژیمەوە من
هاتەجێ ئەوڕۆ هەموو ئاواتم — گیان فیدای میللەتەکەو ئاڵاتم

سەرچاوە: ژمارەی ١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"

عەباس حەقیقی

# عیرفان ڕەهنموون: دامەزرانی کۆمار لەو ڕەوشەدا، شاکاری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بیری تیژو حیکمەتی سیاسیی پێشەوا قازی محەممەد بوو

## هەڤپەیڤین لەگەڵ بەڕێز عیرفان ڕەهنموون، ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ئامادەکردنی: حەسەن سەلیمی



- عیرفان ڕەهنموون، ساڵی ١٣٥٢ لە شاری مەریوان لە دایك بووە.
- خوێندنی ناوەندیی‌و دواناوەندی لە شارەکانی مەریوان‌و سنەدا تەواو کردووە.
- ساڵی ١٣٧٩ بەشی فەلسەفەی ڕۆژئاوای لە شاری ئیسفەهاندا، تەواو کردووە.
- دەستەی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەریی ناوەندی زانستی ـ فەرهەنگی ڕۆنان بووە.
- دەستەی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کورستانی ئێرانە.
- بە هۆی بارودۆخی سیاسی ناچار بووە وڵات بەجێ بێڵێ‌و پەیوەست بێ بە ریزکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
- بۆ ماوەیەك لە نێو حیزبی دێموکراتدا بەرپرسی ماڵپەڕی کوردستان میدیا بووە.
- ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات‌و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سلێمانی‌و بەرپرسی کۆمسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتە.

**پ: سەرەتا لەسەر کەش‌و هەوای سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و پێکهاتەی ئەودەمی کۆماری کورستان‌و ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دامەزرانی کۆماری کوردستان بۆ ئێمەو خوێنەران بدوێن؟**

و: بۆ باس لەسەر کۆماری کوردستان‌و هۆکارەکانی پێکهاتنی، ناچارین‌و پێویستە چەند ساڵ بۆ دواوە بگەڕێینەوە، واتە بۆ دۆخی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و تەنانەت بۆ ڕەوشی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.ك. هەروەك لە مێژوودا هاتووە، کۆمەڵەی ژ.ك وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەیی، لە دۆخێکدا هاتە ئاراوە کە بزووتنەوەی چینایەتی لە ئارادا بوو، نیزامی فیۆدالی لە ئێران‌و کوردستاندا بەرەو پووکانەوە دەڕۆشت‌و هێدی هێدی چینی بورژوای شاری وەك هێزێکی بزوێنەری کۆمەڵایەتی دەهاتە ئاراوە. کۆمەڵناسانی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ناسیۆنالیزم، وەك ئایدۆلۆژییەکی سیاسی، ئاخێزگەکەی لە نێو چینی بۆرژوای شاری دایە، هەر بۆیە چینی بۆرژوای شاری لە مەهاباد بە مەبەستی گەیشتن بە ئایدیالی دەوڵەت ـ نەتەوە، ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستییان دامەزراند، بە مەبەستی وەڕێخستنی بزاڤێکی خودئاگایی نەتەوەیی. کۆمەڵەی ژ.ك لە ڕاستیدا زیاتر بزاڤێکی خودئاگایی‌و ڕاچەنینی نەتەوەیی بوو تا حیزبێکی سیاسی کە ڕاستەوخۆ دەست‌و پەنجە لەگەڵ دەسەڵاتدا نەرم بکا، بەڵام ئەو کۆمەڵەیە، بە هۆی جەنگی جیهانییەوە کە تێیدا باکووری ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە داگیرکراو باشووری ئێرانیش لە لایەن ئەمریکاو بریتانیاوە هێزی لێ پیادە کرا، ناچاربوو خۆی لەگەڵ ئەو ڕەوشە نوێیە سیاسییەدا بگونجێنی، هەر بۆیە ڕێبەرانی کۆمەڵەی ژ.ك هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە چوارچێوەی فیکری ژ.ك‌و قەوارە تەشکیلاتیی‌یەکی ناتوانێ وڵامدەری ئەو ڕەوشە نوێیە بێ کە لە ئاکامی جەنگی دووهەمی جیهانیدا، هاتۆتە دی. هەر بۆیە لەسەر بنەما تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژ.ك، حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراو ڕێبەرانی حیزب هەوڵیان دا لەو چوارچێوە تەنگەی ژ.ك خۆیان ڕزگار بکەن‌و لەباتی دەمارگرژی لەسەر ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ، دێموکراسی بکەنە ژێرخانی بیری حیزبی دێموکرات‌و هەوڵ بدەن بە فەلسەفەو پراکتیکی دێموکراتیك، هەنگاو بۆ دەستەبەربوونی ماف‌و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد، هەڵبێننەوە. لێرەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ٢٤دا دادەمەزرێ‌و هەوڵ دەدا بە دارشتنی قەوارەیەکی نەتەوەیی ـ دێموکراتیك ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕ بکاتەوەو بەرگی واقیعی بکاتە بەر خەون‌و ئارمانجەکانی گەلی کوردستان.

هەروەك شەهید د.قاسملوو لە کتێبی "٤٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا" ئاماژەی پێداوە، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ژمارەی هەموو دانیشتووانی کوردستان ٣ میلیۆن بوو، کۆماری کوردستانیش لە یەك لە سێی خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دامەزرا، کەواتە ڕێژەی دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی‌کۆمار دەکاتە نزیکەی ١ میلۆن کەس.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، هێشتا موناسباتی فیودالی‌و عەشیرەتی، زاڵبوون‌و زیاتر لە ٩٥٪ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون‌و ئەو ڕێژەیە لە نێو ژناندا تەقریبەن لەسەدا سەد بووە. هەر بۆیە دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لەو ڕەوشە نالەبارەدا، دەکرێ بە شاکاری ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بە بیری تیژو حیکمەتی سیاسیی پێشەوا قازی محەممەدو مافخوازیی لە رادەبەدەری گەلی کوردستان لەقەڵەم بدرێ.

**پ: کۆماری کوردستان خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کورددا، ئایا دەتوانین وەك بیرۆکەیەکی بەهێزو تاکی سیاسیی‌و دێموکراتی ـ کە چووە خانەی پراکتیکیشەوە ـ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە قەڵەمی بدەین؟**

و: بەڵێ بێ ئەملاولا، دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان خاڵێکی وەرچەرخانی مەزن بوو لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا. دامەزرانی کۆماری کوردستان بیرۆکەی تاك نەبوو، بەڵکوو بیرۆکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە ئەرکی بڕیارسازی‌و پراکتیکی سیاسی‌و تاکتیك‌و ئیستراتیژی بزووتنەوەی کوردی هێڵکاری کرد. بێگومان کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی بوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە لەسەر بنەما دێموکراتیکە مرۆڤ تەوەرەکان بنیات نرا. هەرچەند بەداخەوە، بەو شێوە پێویستە گرینگی ئەو کۆمارە دێموکراتیکە تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی شی نەکراوەتەوەو کەمترین لێکۆڵینەوەی ئاکادمیك لەو پێوەندییەدا کراوە. بەڵام ئەگەر هەموو لایەنەکانی ئەو کۆمارە دێموکراتیکە لەو سەردەمە ئاستەمەی دامەزرانیدا، تیشکی بخرێتە سەر، بێگومان کۆمەڵێ ئەزموونی شیاو نەتەنیا بۆ نەتەوەی کورد، بەڵکوو بۆ سەرجەم گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، دەتوانێ پێشکەش بکات. بێگومان بۆ نەتەوەی کورد، ئەو کۆمارە قوتابخانەو ڕێبازێکە کە بۆ هەمیشە لە هزرو یادی کورددا دەمێنێتەوەو دەتوانێ هەوێنی شۆڕش‌و فیداکاری‌و سیستمێکی گونجاوی بەڕێوەبەری بێت.

**پ: لە یازدە مانگ دەسەڵاتی کۆماردا، خەڵك هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، چونکە دیاردە دزێوەکان ئیجگار کەم دەبینرێن، کوردستان یەکێك لە هەرێمە ئارامەکانی ئێران بووەو ... ئایا دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان بە تەواوی لەگەڵ ویست‌و خواستەکانی خەڵك ئاشنا بووە یان هۆکاری دیکەشی لەپشتە؟**

و: ئەوەی کە سەرجەم مێژووناسەکان‌و تەنانەت کونسولەکانی بەریتانیاو سۆڤیەتیش ئاماژەیان پێداوە، کەمبوونی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان‌و لەوەش گرینگتر بوونی هێمنی‌و ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری، یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو کۆمارە دێموکراتیکەی کورد بوو. ئەو هێمنی‌و سەقامگیرییە کۆمەڵایەتییەش، بە دڵنیاییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵانی خەڵك لەو سەردەمەدا، ئەو دەسەڵاتە نەتەوەیی‌و دێموکراتیکەی کۆماری کوردستانیان بەهی خۆیان زانیوە، هەر بۆیە نەتەنیا هەوڵی نائارام کردنی دۆخەکەیان نەداوە، بەڵکوو بە دڵ‌و بەگیان تێکۆشاون کە بیپارێزن، چونکە ئەو کۆمارە، ڕەنگدانەوەی ویست‌و خولیاو ئارمانجەکانی نەتەوەیەکی بێبەش لە ماف‌و ئازادییەکانی بوو، کە لە ماوەیەکی کورتی ١١ مانگەدا، بەرگی واقیعی پۆشی.

**پ: ناحەزان‌و نەیارن زۆرجار ویستوویانە کۆماری کوردستان بەدەستکردی زلهێزەکان دابنێن. بەڵام بەڵگە مێژووییەکان پیشان دەدەن کە پێشەوای نەمر، بە ڕاگەیاندنی کۆماری، ئەوەی بەلایەوە گرینگ بوو نەتەوەی کورد بوو، نەك خەڵکی دیکە، بەڕێزتان ئەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

و: بەڵێ ڕاستە، هەمیشە نەیارانی بزووتنەوەی کوردستان یان باشتر بڵێین زەوتکەرانی ماف‌و ئازادییەکانی گەلی کوردستان، هەمیشە هەوڵیان داوە، بزاڤی نەتەوەخوازیی کوردستان بە کلکی بێگانە وێنا بکەن‌و ئەوەش ڕاست بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان هیچکات چاویان بەرایی نادات کە شانازی یان دەستکەوتێکی نەتەوەی چەوساوەی کورد ببینن. بۆیە کاتێ باس لە شانازی یان دەستکەوتێکی بزووتنەوەی کوردستان دێتەگۆڕێ، ئەوان بێ سێ‌و دوو بە بێگانەو زلهێزەکانی دەبەستنەوەو بۆ ئەو تیۆرییە لەرزۆکەش هیچکات بەڵگەو دوکیۆمینتێکی ئەوتۆ ناخەنەڕوو، ڕوون‌و ئاشکرایە کە کۆماری کوردستان، بەرجەستەبوونی هەوڵ‌و کۆششەکانی نەتەوەیەکی بندەست بوو بۆ ئازادی‌و وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی، سروشتییە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ سیاسەت بکرێ، دەبێ دیپلۆماسی بکەوێتە کار. ڕاستە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات‌و کۆماری کوردستان بۆ سەقامگیریی ئەو ئەزموونە سیاسییە، دیپلۆماسییان کردووەو ئاشکرایە کە دیپلۆماسی نە گوناهەو نە نەنگ. ئەوان، واتە دوژمنانی کورد، سیاسەت تەنیا بە خۆیان ڕەوا دەبینن‌و ئەگەر نەتەوەیەکی بندەست بۆ گەیشتن بە ئازادی، سیاسەتی کرد، بێ یەك‌و دوو بە نۆکەری بیانی تاونباری دەکەن، ئەوە لە حاڵێکدایە، داگیرکەرانی کوردستان خۆیان، لە سیاسەتدا هیچ پرەنسیپێك ناناسن‌و ئامادەن بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان، تەنانەت لەگەڵ ئەهریمەن‌و دێوو درنجیشدا ببنە هاوپەیمان، پێم وایە ئیدی ڕاستییەکان ئاشکرا بوون‌و ئیدی ئەو خەنەیە لەمێژ ساڵە کاڵ بۆتەوە.

**پ: پێکهاتەی عەشیرەتی لە سەردەمی کۆماردا، یەکێك لەو خاڵانەیە کە باسی لێدەکرێ، پێتان وانیە کە پێشەوا بە دامەزراندنی NGOکانی وەك یەکیەتیی لاوان‌و ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەو پێکهاتەیەدا بوو؟**

و: پێم وانیە کە پێشەوا هەوڵی هەڵوەشانەوەی سیستمی عەشیرەتی دابێ، ئەوەی بۆ پێشەوا لەو قۆناخە هەستیارەدا گرینگ‌و پڕبایەخ بووە، یەکڕیزی هەموو هۆزو عەشیرەتەکانی ئەو کاتەی کوردستان بووە، تا بە یەکیەتییەکی تۆکمە، بتوانێ هەم کۆمارەکە بیپارێزێ‌و هەم بەرەوپێشی ببات. پێشەوا بۆ خۆی ڕۆشنگەرو ڕووناکبیرێکی کەم هاوتا بووە لەو سەردەمەدا، ئەو وێڕای پێداگری لەسەر هاوپێوەندیی نێوان هۆزو عەشیرەتەکانی کوردستان، هەوڵی داوە لە پۆتانسییەلی لاوان‌و ژنان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاو تێپەڕاندنی لە سیستمی نەریتییەوە بۆ سیستمێکی عەقڵانی، کەڵك وەربگرێ. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لە سەردەمی کۆماردا پێوەندییە فیودالییەکان گەیشتبوونە لوتکەو ئیدی بەرو داکشان دەڕۆیشتن‌و بزووتنێکی کۆمەڵایەتی هێور هێور دەستی پێکردبوو و خەریك بوو چینی بورژوای شاری جێگای بە موناسباتی نیزامی فیودالی لێژ دەکرد، بەڵام پێم وایە کە پێشەوا وەك نەتەوەخوازێ، زیاتر لەوەی لە بیری هەڵوەشاندنەوەی سیستمی عەشیرەتی دابووبێ، لەبیری یەکڕیزکردنی عەشیرەتەکان‌و چاندنی ڕۆحی نەتەوەخوازی بووە لە نێوانیان دا، چونکە پاراستنی کۆماری کوردستان لە گرەوی نەتەوەخوازی‌و یەکڕیزی عەشیرەتەکان دابوو، کە بەداخەوە زۆربەی عەشیرەتەکان لە کاتی هێرشی ئەرتەشی شادا، لەبری ئەوەی لە بیری پاراستنی کۆماردا بن، دەستیان بە کڵاوەکەی خۆیانەوە گرت‌و بەرژەوەندییە تاکەکەسی‌و بنەماڵەییەکانیان خستە پێش پاراستنی کۆماری کوردستانەوە.

**پ: کە سەیری مێژووی کورد دەکەین دەبینین کە لە هەر بڕگەیەکدا، سەرهەڵدانەکان‌و شۆڕشەکان بە گیران یان شەهیدکردنی سەرکردەکانی شۆڕشەکان هەرەس دێنن، بەڵام کۆماری کوردستان پاش ڕووخان‌و لە سێدارەدرانی دامەزرێنەرانیشی، زیاتر لە شەست ساڵە خەبات لەپێناو ئامانجەکانیدا هەر درێژەی هەیە. واتە کۆمار شۆڕشی خەڵکی کوردستانی سیستماتیك کرد. بەڕێزتان لەمبارەوە چۆن بیردەکەنەوە؟**

و: ئەوەی کە شۆڕش‌و سەرهەڵدانەکانی کورد لە ڕابردوودا، بە گیران یان شەهیدکرانی ڕێبەری ئەو سەرهەڵدانە، تووشی دارمان‌و نسکۆو هەرەس بووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی کە ئەو شۆڕش‌و سەرهەڵدانانەی لەسەر بنیات نراون. هەروەك دەزانین پێش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پوتانسیەل‌و دینامیزمی شۆڕش‌و سەرهەڵدانەکانی کورد، وزەی خۆیان لە هێزو دارشتی عەشیرەیی‌و هۆزایەتی دەگرت‌و ڕێبەرانی ئەو شۆڕشانەش بۆ خۆیان سەرەك‌هۆز بوون، لە سیستمی هۆزایەتیش‌دا، سەرەك‌هۆز سەمبول‌و هێمای هۆزەو لەناوچوونی بەرابەرە لەگەڵ هەرەسهێنانی هۆزدا. بەڵام کۆماری کوردستان، حیزبێکی تۆکمەی سیاسیی وەك حیزبی دێموکراتی لەپشت بوو. حیزبی دێموکراتیش، ئاشکرایە دینامیزمی بزووتنی لە هێزی هۆزو عەشیرەتەوە وەرنەگرتبوو، بەڵکوو پشت ئەستوور بوو بە پشتیوانیی بێدریغی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین‌و توێژەکانیەوە. هەربۆیە بینیمان کە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات بۆ جارێکی دیکە خۆی ڕێك خستەوەو دەیان ساڵە لە پێناوی وەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورددا، خەباتێکی نەپساوە بەڕێوە دەبات، بێگومان ئەگەر کۆماری کوردستان لەسەر شان‌و پێلی حیزبی دێموکراتی کوردستان بنیات نەنرابا، ئەو کۆمارەش دوای لەسێدارەدانی پێشەوا، هەرەسی دێنا. ئەوەی کە لەو ساتەوەختەدا هەڵوەری، تەنیا گوڵەکانی درەختی کۆمار بوو، چونکە دێموکرات وەك درەختێکی ڕیشەدار، بە زەویدا ڕۆچووبوو و هەر ئەو ڕۆچوونەش بوو کە بینیمان دوای زیاتر لە ٦ دەیە ئەو بزاڤە نەتەنیا لە گڕوتین نەکەوتووە، بەڵکوو زیاتر لە جاران پەلویۆی هاویشتوەو بە پانتایی خاکی کوردستاندا، بنجی داکوتاوەو گۆڕاوە بە بزاڤێکی بەرینی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌و ئیدی مەترسیی لەنێوچوونی هەست پێناکرێ. لە کۆتاییدا دەڵێم، کۆمەڵەی ژ.ك بزاڤی خودئاگایی نەتەوەیی بووو حیزبی دێموکرات، لەسەر بنەما تەشکیلاتی‌یەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەزرا، بەڵام ئاسۆی دیتنی فراوانتر کرد و دێموکراسیی کردە فەلسەفەی خۆی‌و لەسەر ئەو بنەما فیکرییە قووڵە، کۆماری دێموکراتیکی کوردستانی بنیات نا کە بەرجەستەبوونی بیرو ئارمانجەکانی حیزب‌و گەل بوو لە چوارچێوەی سیستمێکی بەڕێوەبەریی مۆدێرن‌و خەڵك‌سالارو دێموکراتیکدا.

**کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی بوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە لەسەر بنەما دێموکراتیکە مرۆڤ تەوەرەکان بنیات نرا**

**

**کۆماری کوردستان، بەرجەستەبوونی هەوڵ‌و کۆششەکانی نەتەوەیەکی بندەست بوو بۆ ئازادی‌و وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی**

# چەند بەڵگەنامەیەکی کۆماری کوردستان لە ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاو رووسیەدا

**و: عارف نادری**

ــ لە ساڵی ١٩٤٢دا مەهاباد بووە ناوەندی چالاکیی نەتەوەخوازی لە کوردستانداو "قازی محەممەد"یش وەکوو رێبەری ئەو بزووتنەوە دیاریکرا بوو. لە مانگی فورییەی ١٩٤٥ رووسەکان مۆڵەتیان نەدا ژمارەی هێزەکانی ئێرانی لە ناوچەی مەهاباد زێدە بکرێ. حیزبی "کۆمەڵەی کورد ـ حەشیمەتی کورد" بە جیابوونەوە لە حیزبی توودە رۆڵێکی گرینگی لە بواری دنەدانی نەتەوەخوازی کوردەکان بۆ باشاری ئێران گێڕا .. پێنج کەس لە سەرانی کورد کە پێش لەمە بە هاوڕێیەتی ئەفسەرێکی رووسی سەردانی باکووریان کردبوو، لە گەڕانەوەدا "حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان بە سەرۆکایەتی "قازی محەممەد" دامەزراند. چاپخانەیەك لە شاری مەهاباد کرایەوە، تاکوو رۆژنامەی "نیشتمان" لەوێدا بڵاو بکەنەوە.

**FO371/52702persian Kurdistan 6april1946**

ــ لە مانگی ژانوییەی ١٩٤٦دا، "کۆمەڵەی نیشتمانی کوردستان" لە شاری مەهابادا دانیشتنێکی پێك هێنا، دامەزراندنی کۆماری کوردستانی بە شێوەی فەرمی راگەیاندراو، "قازی محەممەد" بە سەرۆك کۆماری هەڵبژێردرا، "حاجی بابا عیولو" سەرۆك وەزیر، "محەممەد خان شکاك" وزیری بەرگریی، "رەشید بەگی هەرکی" فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانو "زیرووئاغا" بە فەرماندەیی هێزە ئینتیزامییەکان دیاری کران... هەر لەو دانیشتنەدا، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ئیدارەو تەلارو ناوەندە دەوڵەتییەکان پەسند کرا.

هێزە ئینتیزامییەکان ئارمی " کۆماری کورستان"یان بەسەر سینگی خۆیان چەسپاند ... کۆماری کوردستان هاوکات لەگەڵ "حکوومەتی دێموکراتیکی ئازەربایجان" لە تەورێز دامەزرا... رووسەکان هەر دوو حکوومەتی تازە بنیاتنراویان بانگهێشت کرد کە هاوکاریی یەکتر بکەن. پێتەختی حکوومەتی ئازەربایجان تەورێزو رێبەرەکەی "جەعفەری پیشەوەری" بوو. پیشەوەری لە نامەیەکدا داوای لە قازی محەممەد کرد کە حکوومەتێکی ناوچەیی کورد لە ژێر پشتیوانیی ئەو و رووسەکان لە مەهابادا پێك بێنێ، بەڵام قازی محەممەد ئەم داخوازییەی رەت کردەوەو لە وەڵامدا گوتی: "ئێمە خۆمان لەگەڵ رووسەکاندا لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد رێککەوتووین".

**FO371/52702persian Kurdistan 6april1946**

ـ دەوڵەتی کوردستان لە "میاندواو" تاکوو "سەردەشت" درێژەی هەبوو. حکوومەتی عێراق، رێبەری کوردەکانی هەورامان"محەممەد رەشید خان"ی ئازاد کرد، بەڵام هێزەکانی سۆڤییەت ئیزنیان نەدا لەگەڵ کۆماری کوردستاندا پێوەندی بگرێ.

**FO371/52702persian Kurdistan 6april1946**

ــ پاش وتووێژێکی درێژخایەن لە ئاکامدا رووسەکان رەزامەندیی خۆیان لەمەڕ سەفەری محەممەد رەشید خان بۆ مەهاباد دەربڕی. لە مەهابادا لە لایەن کۆماری کوردستانەوە میدالیای شەرەفو ئازادیی پێی بەخشراو وەکوو فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی مەهاباد دەستنیشان کرا... هەروەها رووسەکان لە سەرەتادا لەگەڵ هەبوونی "مەلا مستەفای بارزانی" لە مەهابادو "شێخ ئەحمەد" دژایەتییان کردوو، ئەویان ناچار بە راوەستان لە نەغەدە کرد. هەنووکە دەوڵەتی ئێران لە سێ لایەنەوە لەگەڵ قازی محەممەد، محەممەد رەشید خانو مەلامستەفا لە رووبەڕووبوونەوەدا بوو. کوردەکان ئیدی قانێع بە میاندوواو سەردەشت نەبوونو ئیدیعای دەسەڵاتداری "ورمێ"، "خۆی"و "ماکۆ"شیان هەبوو. دواتر لەگەڵ حکوومەتی ئازەربایجان لەمەڕ دیاریکردنی سنووری هەردوو کۆمار رێککەوتنگەلێك پێك هات.

**FO371/52702persian Kurdistan 6april1946**

ــ ... سەرچاوە بریتانیاییەکان باس لەوە دەکەن کە رووسەکان دەورێکی گرینگیان لە هاندانی کوردەکانی تورکیە، عێراقو ئێران بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا هەبووەو، کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە راستیدا ناوەندی سەرەکی ئەو وڵاتە سەربەستە بووە. لە ئاوریلی ١٩٤٦دا کوردەکان هێرشیان کردە سەر شارەکانی "بانە"و "سەقز"و "سەردەشت".

**FO371/52702from Tabriz to Tehran acting british concil 21feb 1946**

ـ مەلا مستەفاو هێزەکانی پاش پێوەست بوون بە هێزەکانی قازی محەممەد، هێرشیان بۆ سەر سەردەشت دەست پێکرد. لە ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦دا رێبەرانی کوردستانو ئازەربایجان سێهەمین رێککەوتننامەی خۆیانیان لە مەجلیسی ئازەربایجان لە تەورێزدا بەست. بێجگە "قازی محەممەد"، "عەبدوڵڵا گەیلانی"، "عومەر خان شەریفی"، "محەممەد حسێن سەیفی قازی" وەزیری سوپای نەتەوەیی حکوومەتی کوردستان، "رەشید بەگ جەهانگیری"، "زیروبەگ بەهادۆری"و "قازی محەممەد خانازی" نوێنەری کوردەکانی "شنۆ" ئامادە بوون. نوێنەرانی ئازەربایجانیش، "حاج میرزا عەلی شەبەستەری، میرجەعفەر پیشەوەری"، "سادق بادیجان"و محەممەد بیریا" بوون ... لە پاش کۆنفرانسەکە بڕیار درا خاڵەکانی ژێرەوە جێبەجێ بکرێن:

١ــ گۆڕینی نوێنەرانی هەردوو لایەن لەو شارانەی کە پێویستە

٢ــ بەشداری کوردەکانی نیشتەجێی ئازەربایجانو ئازەرییەکانی دانیشتووی کوردستان لە کاروباری حکوومەتیدا

٣ـ پێکهێنانی لێژنەی ئابووری هاوبەش

٤ـ هاوکاریی نیزامی لە هەلومەرجی هەستیاردا

٥ـ پێویستی رەزامەندی هەر دوو لایەن بۆ ئامادەبوونی هاوبەش لە ئەگەری هاتنە ئارای وتووێژ لە تاراندا

٦ــ ئامادەکردنی کەرەستەی پێویست بۆ گوتنەوەی زمانەکانی کوردیو ئازەری لە ئازەربایجانو کوردستاندا

٧ـ گرتنی هەڵوێستی هاوبەش لە بەرامبەر هەر چەشنە کردەوەیەکی تێکدەرانەی دوژمنانی هاوبەشدا

... لە دێسامبری ١٩٤٦دا هێزەکانی ئەرتەشی ئێران هێرشیان کردە سەر کوردستانو کۆماری کوردستانیان رووخاند ...

حکوومەتی عێراق داوای لە ئێران کرد "مەلا مستەفا" رادەستی ئەو وڵاتە بکاتەوە ...

رۆژی ٣١ی مارسی ١٩٤٧، کاربەدەستانی ئێران حوکمی لە سێدارەدانی قازی محەممەد، سەیفی قازیو سەدری قازییان جێبەجێ کردو بەجۆرە تەمەنی کۆماری ١١ مانگەی کوردستان کۆتایی پێ‌هات.

**FO371/61946from Tehran to FO 6feb 19747**

ژێدەر: کوردستانو کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا، وەرگێڕانی بێهزاد خۆشحاڵی، ١٣٧٨، بڵاوکراوەی "انتشارات نور علم"

## چەند بەڵگەنامەیەك لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت، لەمەڕ کۆماری کوردستان

**لە: کۆمیساریای گەل بۆ وەزارەتی دەرەوە (وەزیری دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت)**

**بۆ: هاوڕێ "پترۆف ـ کۆمینترن"، ٤ی جوولای ١٩٢٤**

دۆخی گشتیی زاڵ بەسەر جیهان، وتووێژی ئێمە لەگەڵ ئینگلیز لە لەندەندا، بەردەوامی سەرهەڵدانی نەتەوەیی لە تورکیەو بارودۆخی ئاڵۆزی بەسەر ئێراندا، کە لە حاڵەتی گۆڕان بۆ دۆخێکی نوێ لە ناوچەو جیهاندایە، ئەو مۆڵەتە بە یەکیەتیی سۆڤییەت نادەن کە بە پشتیوانی کردن لە بزاڤی نەتەوەیی کوردەکانو هێنانە ئارای خواستەکانی سەربەخۆیی خوازانەی ئەوان، خۆمان بە پرسی کوردەکانەوە، سەرقاڵو بەرژەوەندی جیهانیان بخەینە مەترسییەوە. بێجگە لە مانە یارمەتی نەتەوەپەرستانی کورد بۆ درێژەپێدانی بەرخۆدانیان لە بەرامبەری دەوڵەتەکانی تورکیاو ئێران ناکەوێتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئێمەوە، چونکە پێش لە هەموو شتێك سەرهەڵدانی چەکدارانەی کوردەکان، ئاڵۆزی دۆخی هەنووکەیی رۆژهەڵاتی ناڤین زیاتر لە جاران دەباتە سەرەوەو ئەنجامێکی ناخۆشی بۆ ئەم ناوچەیە لە جیهاندا بەدی دێنێ. دەبێ ئەمەشی پێ زیاد کەم کە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، راست دژەوازی بەرژەوەندی تورکیاو ئێرانە. هەروەها دەکرێ بڵێین نەتەوەپەرستی کوردی بێبەش لە بنەمایەکی ئابووری سەربەخۆیە کە بتوانێ لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێ. گەر ئێستاکەش بڕێك دەرفەت بۆ کوردەکان (وەکوو بە پەراوێز خستنی تورکیە) ئامادە بکەین، هێشتاکە ناکرێ بە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی دڵخۆش بین، چونکە بێ رەزامەندیو رای دەوڵەتی ئینگلیز لەمبارەوە، ناکرێ هیچ کردەوەیەك بخرێتە بواری کردارییەوەو چاوەڕوانی ئەگەری بەدەستهێنانی سەرکەوتنێك بین.

هەروەها پێشوازی لە سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان دەبێتە هۆی لێڵ بوونی پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ تورکەکانو ئێرانییەکانو رووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی ئەوان لەگەڵ ئێمەی بەدواوە دەبێ.

لە سۆنگەیەکی دیکەوە نابێ چالاکییە ئاشکراو نهێنییەکانی ئینگلیس لە ناوچەکەدا بۆ دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لەبیر بکەین بە تایبەتی ئەگەر ئەم دەوڵەتە بکەوێتە ژێر سەپەرستی ئینگلیستانەوە، دەکەوێتە بەر سەرنجی تایبەتی ئەوانەوە. لەبەر ئەمە بەرژەوەندی دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤییەت ئەوە دەخوازێ کە بە دووری کردن لە هەڵوێستگرتنی راستەوخۆ، ببێتە هۆی پشتگیری لە رووبەڕوو بوونەوەی وڵاتەکەی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیستاندا.

بە پێی رێسای لەبەرچاوگرتنی هێزەکان، لە کاتی ئێستادا بە هیچ جۆرێك نابێ بچینە نێو ململانێیەکی شانبەشان لەگەڵ ئینگلیزییەکاندا, هەروەها بۆ خۆ دوورخستنەوە لە درووست بوونی هەستی دژایەتی نواندنی تورکیەو ئێران، نابێ پشتیوانی لە کوردەکان بکەین. ئەگەرچی سەرنج نەدانی ئێمە بە ئەوان، کوردەکان بەرەو لای ئینگلیستان دەکێشێو دەبێتە هۆی شکستی سیاستەکانی ئێمە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بەم بۆنەوە پشتیوانی ئێمە لە کوردەکان، بێجگە لەوەی کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی بەرەی یەکگرتووی ئینگلیز ـ تورکیە ـ ئێران دژ بە ئێمە، بنەمای هاوسەنگی هێزەکانیش تێك دەدا، لەبەر ئەمە نابێ بۆ پشتگیری لە دۆخێکی مەترسیدار بە داهاتووی ناڕوونەوە، نەتەوەخوازە کوردەکان یارمەتی بدەنو بەرەو هەلومەرجێکی سست هەنگاو هەڵگرین. نەتەوەخوازی خولقێنەری هێزێکە کە ئێمە هیچ باوەڕێکمان پێی نیە. جیا لەمانە هیچ دوور نیە، کوردەکان کە هەنووکە لە ئێمە داوای هاوکاریو یارمەتی دەکەن، لە ناکاو هەڵوێستەکانی خۆیان بگۆڕنو لە ئینگلیسەکان نزیك بکەونەوە.

نابێ ئەم خاڵەش لەبیر بکەین کە ئینگلیزەکان زۆر باش لەسەر کوردەکان کاریان کردووە کە ئەمە بۆتە هۆی بەهێزی متمانەی رێبەرانی کورد بە ئەوانو دووریکردنی پەیتا پەیتایان لە ئێمە.

بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی بەردەست دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە سەرهەڵدانی چەکدارانەی کوردەکان ـ سەرکەوتوو یان دۆڕاو ـ لە کۆتاییدا بە نێوی ئینگلیزییەکان لە قەڵەم دەدرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارانەو سەرنجدانی تەواوی وردەکارییەکان، ئێستە دەبێ کوردەکان بۆ وازهێنان لە راپەڕین هان بدرێنو لە هەموو توانای خۆمان بۆ دوورکردنەوەیان لە ئینگلیسییەکان کەڵك وەربگرین. لەم بارەوە ئێمە پێمان وایە کە کوردستانی سەربەخۆ تەنیا لە هەلومەرجێکدا بەدی دێ کە هەلومەرجی جیهانی پێ‌بنێتە سەردەمی نەبوونی هاوسەنگیو ناسەقامگیرییەوە، لەبەر ئەمە لە هەلومەرجی سەقامگیری رێژەیی ئێستەدا، یارمەتی بۆ جێبەجێبوونی ئەم پرسە لە خزمەتی بەرژەوەندی هیچ یەك لە هێزەکانی ناوچەو جیهانیدا نیە.

هاوڕێ لەگەڵ دروودی کۆمۆنیستی

چیچیرین

روونووس:

هەڤاڵان: ١ــ پترۆف ٢ــ سوورتیسنر ٣ــ قەرەخان ٤ــ شومیاتسکی ٥ـ پیتریس ٦ـ ئارشیڤ



رێژەی دووی رێبەندانی ١٣٢٤، ئەو ئەفسەرە کە لە پێشەوەی سوپای کوردستان، لە بەرامبەر پێشەواو گەورە بەرپرسانی کۆماردا دەڕوا، سەرهەنگ برایم سەلاح، فەرماندەی گشتیی سوپای کۆماری کوردستانە.

# کۆماری دێموکراتیکی کوردستان

**ڕەزا ئەمینی**

کۆماری دێموکراتیکی کوردستان (١٣٢٤/١١/٢)ی هەتاوی دسیکۆرسی دێموکراسیو وەڵامی لە مێژینەی پرسی نەتەوەیی کورد لە ئاستی هەرێمیو نێونەتەوەیی دابوو، باڵانسی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو سەردەمی بردە ئاستێکی سەرووتر. کاراکتری پۆزەتیڤی کۆمار لەسەر گۆڕانە مێژووییە هاوچەرخەکان پرسی کوردی بۆ فازی مۆدێرنیستگەری پاڵ پێوەنا. لەسەر ئەم دیاردە سیاسیو نەتەوەییەی گەلی کورد لێکۆڵەران پێداچوونەوەی زانستی فرە ڕەهەندیان ئاراستە کردووەو هەر نوسەرێ لە ڕوانگەی جیاوازو هەمەجۆرەوە کۆماری کوردستانیان تاوتۆی کردووەو تەنانەت دژ بە دانی مافو ئازادیو ئامانجەکانی نەتەوەی کوردیش ویستویانە بە زەقکردنەوەی لایەنە نەرێنیەکانی بە دوای ئامانجی خۆیاندا بگەڕێن. بەڵگەنەویستە زۆر جار چەواشەکاریان بەو پەڕی خۆی گەیاندووەو هەوڵیان داوە لۆژیکو بەهای ئەم گرنگییە لە بایەخی خۆی بەتاڵکەنەوەو ئەو دەرئەنجامەیان دەسکەوێو، ئیرادەی نەتەوایەتی کورد بخەنە ژێر پرسیارەوەو ئەو وەهمە سازبکەن کە گەلی کورد ڕێکخستنی نەتەوایەتی بۆ دامەزراوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی کزو لاوازەو ئەم بیرۆکەیە واتا گەیشتن بە دەسەڵاتی نەتەوەیی هەر لەجێدا خامۆش بکەن. بە داخەوە تا ئێستاش ئەوانەی لەسەر کۆماری کوردستان نووسیویانە نەیانتوانیوە ڕوخساری کۆماری کوردستان لە هەموو ڕووەکانیەوە بێننە بەرباسو لێکۆڵینەوە، جگە لە مێژوونوسو سیاسەتڤانی کورد(دوکتور عبد الرحمن قاسملو)کەسی دیکە بە شێوازی زانستی ئەم ڕووداوەی شرۆڤە نەکردووە.

هەر لە جێدا کە باس لە کۆماری دێموکراتیکی کوردستان دێتە گۆڕێ پرسیارگەلی جۆراوجۆر گەڵاڵە دەکرێن. پێناسەی نەتەوەیی کۆمار ڕەنگبێ زیاتر لەهەر بابەتێکی دیکە پێویستی بە شیکاریی زانستی هەبێ. پاشان گرینگترین پرسیار ئەمەیە ئایا کۆماری کوردستان ڕووداوێکی دەستکردی لاوەکی بوو یان ئیرادەی نەتەوەیی لە پێکهێنانیدا ڕۆڵی هەبوو؟ کۆمەڵگاو ڕێکخراوی سیاسیو حیزبی سەردەمی کۆمار بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییەدا ناکام مایەوە؟ هێزە کۆلۆنیالیستەکان(colonialist) بۆچی لە حاڵەتێکدا بانگەشی ڕزگاری نەتەوەکانیان کردبووە دروشمی خۆیان، پشتیوانیان لە کۆماری کوردستان نەکرد؟

بۆ ڕوون بونەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەسپێك ئەم باسە گرینگە کە بە هۆکاری داگیرکرانی وڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیستیو نیوکۆلۆنیالیستەکان خەباتو بەرخودانی نەتەوەیی گەلی کورد وەك پێویستیی مانەوەی ئەم گەلە ستەملێکراوەو خاوەن گرنگییەکی تایبەتییە، کە چاو بە مێژووی بزاڤی ڕزگارخوازی نیشتمانی گەلی کورددا دەخشێنێ بەردەوام ئەم پرۆسەیە، واتە داگیرکرانی کوردستان لە لایەن نەیارانییەوەو ملکەچ نەکردنی گەلی کورد بەم غەدرە بە درێژایی مێژوو دووپاتو چەندپات بۆتەوە. تا پێکهاتنی کۆماری کوردستان سەرەڕای خەباتی بێ وچانی کوردو بە سەرنجدان بە گەلێك دەسکەوتیش دیسان بزاڤی گەلی کورد بە چەندین جار سەرنەگریو کەوتنی بە خۆیەوە بینیوەو هۆکاری جۆراوجۆر بوونەتە هۆی شکستی ئەم بزووتنەوانە، شکست بە واتای ناکامبوونی کوردە لە گەیشتن بە پێکهاتەی نەتەوەیی واتە دەسەڵاتی نەتەوایەتیە. گرنگترین هۆکار لەم پەیوەندیەدا پرسی ڕێکخراوەییە، نەبوونی ڕێکخراوی سیاسی کورد (تا بەر لە حدکاو کۆماری کوردستان) واتە بەهۆی ڕێکخراو نەبوونی کۆمەڵگای کوردستان وەك پێویستی خەباتگێڕانەی گەلی کوردو بۆ ئەم بۆشاییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بناغەی کۆمەڵەی(ژ.ك)١٢٢١"حدکا" دادەمەزرێو یەکەم ڕێکخراوی خاوەن پرۆگرامو ئیستراتیژی رزگاری نەتەوەیی لە کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان پێ دەنێتە گۆڕەپانی ململانێ سیاسییەکانەوەو ئەم حیزبە دەبێتە نوێنەری خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەم حیزبەش بە هەستکردن بە بەرپرسیارەتی دامەزراو دواتر کۆماری کوردستانیان بە پشتیوانی خەڵك پێکهێنا کە وابێ دژکردەوەی نەتەوەیی کورد بەرانبەری زۆرداری کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردستان دەکاتە کۆمەڵگایەکی سیاسیو حیزبیو خەڵکی کوردستان ئامانجەکانیان دەسپێرنە حیزبی خۆیانو ئەم حیزبەش (حدکا)، لە ململانێ سیاسییەکاندا خۆی لەگەڵ خواستەکانیان مۆتۆربە دەکاتو دامەزرانی کۆماری کوردستان دەبێتە زەرووڕەتێکی نەتەوەیی. گومان هەڵنەگریشە بەرژەوەندیی نەتەوایەتی کورد زۆر جار لەگەڵ بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسی لاوەکیش گرێ دەخوات، بەڵام ئەگەر ئەم بەرژەوەندیە لە سەردەمی شەڕی دووهەمی نێودەوڵەتیدا بەهۆی پشتیوانی ئێران لە فاشیزمو نەژادپەرستیو لایەنیتر بەرەی دژی فاشیزم، گەلی کورد لەبەرەی دژی فاشیزمدا بە دژی نەژاد پەرستی دەوەستێو حیزبە پێشڕەوەکەی خەباتی رزگاریخوازی کورد بە خەباتی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانو، لە ئاستی نێونەتەوەیشدا بە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکانی هێرش بۆکراو بە هۆی فاشیزمەوە گرێ دەدا. بەم جۆرەشە پێناسەی نەتەوەیی بۆ کۆمار ساز دەبێتو لە٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا کۆماری دێموکراتیکی کوردستان ڕادەگەیەندرێ.

هەروەك ئاماژەی پێکرا پشتیوانی کردنی حکومەتی ئێران لە فاشیزم دەرەتانی ئەوەی ڕەخساندبوو هێزە میلیشیایەکانی دەسەڵاتی رەزا شای پەهلەوی لە هەرێمی کوردستان لاواز بن، ئەوەش هەرگیز ناتوانێ واتای ئەوەی هەبێ گەلی کورد خوازیاری هاتنی هێزە دەرەکیەکانو چاوەڕێی ڕێگە چارەی ئەوان بێ، ئەوانن سیاسەتی ئەو حکومەتانەی زۆرداری بەسەر هاوولاتیانی خۆیاندا دەسەپێنێنو ئەوە ئەوانن کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هێزە لاوەکییەکان دەکێشنە گۆڕەپانی هەرێمەکانو وڵاتەکەیان. ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیەنو ئەوەمان پێدەڵێن: کە ئەگەر کۆمەڵێك بەرژەوەندی زلهێزەکان کاتی بن، بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بۆ دامەزراندنی پرنسیپە دێموکراتییەکان ئەمرێکی ئیستراتیژیك بۆ ڕێبەرایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە.

کۆمەڵگای ڕێکخراوو سیاسیی سەردەمی کۆمار بە هۆکاری هەمە جۆرەوە لە پاراستنی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە دەسەڵاتی زلهێزەکان ئیزنی بە دەسەڵاتی ناوەندی دا بە مەیلی خۆی بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ئێراندا سەرکوت بکات. هەرچەندە بواری بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر هێرشی حکومەتی ناوەندیدا هەبوو، بەڵام بە هۆی ڕێکخراونەبوونی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئێراندا بە تایبەتی لە هەرێمی ئازەربایجانو نەبوونی تەداروکاتی لۆجستیکیو زۆر هۆکاری دیکە پارسەنگی سیاسییان لە ئێرانو کوردستاندا بە قازانجی هێزە سەرکوتکەرەکان گۆڕی، بەڵام ئەم قۆناغە لە سەرکەوتنی دیکتاتۆری هەرگیز نەیتوانی تا سەر بەردەوام بێتو گەلی کورد بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزمونەکانی کۆمار تا هەنووکە بۆ دەستەبەریی ئامانجەکانی کۆمار و تا گەیشتن بە ڕزگاریی نەتەوەیی کورد بە ڕێبەرایەتی (حدکا) خەبات دەکاتو بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان کۆڵ نادات.



# ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤

**ئا: لوقمان عەبدوڵڵازادە**

٢ی ڕێبەندان لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەماندا ڕۆژێکە کە بۆ هەتا هەتایە بە نەمری دەمێنێتەوەو، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە شانازییەوە یادی لێدەکەنەوە. ئەو ڕۆژە (٢ی ڕێبەندان) وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستانە کە لە دیرۆکی خەباتی نەتەوەییدا یە نوختەگۆڕانێکی مێژووی مەزن دەژمێردرێت. ئەو کۆمارە هەر چەندە بە تەمەن (٣٣٠ رۆژ) ساوا بوو، بەڵام پڕ بوو لە دەسکەوت بۆ گەلە ژێر دەستو مافخوازەکەمان. بۆیە هەر تێکۆشەرو تاکێکی کورد دەبێ بە شانازییەوە بڕوانێتە کۆماری کوردستانو بە پیرۆزیو مەزنی یاد لە دامەزراندنی بکاتەوە.

یەکێك لە خاڵە هەرە گرینگەکان کە دەبێ هەمیشە بە پیرۆزی یادی لێبکرێتەوەو لاوانی بە هەستو نیشتمانپەروەری گەلەکەمان بیکەنە سەرمەشقو چرای ڕێگای تێکۆشانیان، ئەو بیرو هزر مەزنەی کۆماری کوردستانو لە سەرووی هەموانەوە شەخسی قازی محەممەدی نەمرە، کە ویستی ڕۆحی عەشیرەگەریو خێڵو هۆز لە نێو کۆمەڵگایەك دا لە نێو بەرێ، کە لە باروودۆخێکی عەشیرەگەریو دواکەوتوویدا، ژیانی بەسەر دەبرد. هەرچەندە لە دامەزرانی کۆماری کوردستاندا عەشیرەتەکان رۆڵیان هەبوو، بەڵام پێشەوای گەلەکەمان دەیویست لە هەر ڕێگایەکی کە بۆ بلوێ ئەو بیرۆکە دواکەوتوانە ویشك بکات. چونکە قازی محەممەد زۆر بە باشی دەیزانی کە زۆربەی هەر زۆری شۆڕشەکانی نەتەوەکەمان لەو کاناڵەوە زەرەمەند، یان هەرەسیان هێناوەو دوژمنانی گەلەکەشمان زەفەریان پێی بردووە.

بۆ ئەوەی زۆر لە مەبەستی بابەتەکەمان دوور نەکەینەوە، مەبەستی سەرەکیی خۆمان بپێکین، بەرەو چۆنیتەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا، شۆڕ دەبینەوە.

**٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤**

قازی محەممەد، ڕۆژی ٢٦ی دێسامبری ساڵی ١٩٤٥ی زایینی کۆنگرەیەکی گەورەی بە بەشداری سەرۆك عەشیرەتەکانی: ورمێ، سنە، کرماشان، کوردەکانی تورکیەو عێراقو کۆمەڵێك لە بژاردە(نخبە)کانی ئێرانی بەڕێوە برد. لەو میتینگەدا قازی محەممەد، وەك پێشەواو ڕێبەری کوردستانو سەرۆکی مەجلیسی دامەزرێنەران، هەڵبژێردرا.

محەممەد حەسەن خان سەیفی قازی، بە یۆنیفۆرمی نیزامییەوە پاش ئەوەی قازی محەممەدی وەك سەرۆك کۆماری کوردستان ناساند، پیرۆزبایی بە تەواوی خەڵکی کوردستان گوت.

رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباداو لە کۆبوونەوەیەکی پانو بەریندا کە نوێنەرانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستانی تێدا بەشدار بوو، پێکهاتنی کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاندو قازی محەممەد کە ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بوو بە سەرۆك کۆماری کوردستانو بە فەرمی لەو کۆبوونەوە مەزنەدا، پێشەوا وتاری خوێندەوەو۔ سوێندی خوارد: "من بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی کورد، بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان سوێند دەخۆم کە هەتا ئاخر هەناسەی ژیانمو رژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم، بە گیانو ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی جمهووری کوردستانو یەکیەتیی کوردو ئازەربایجان موتیعو وەفادار بم".

**هەڵکردنی ئاڵای کوردستان**

کۆمەڵێکی زۆر لە جەماوەری شاروناوچەکانی کوردستانو پارچەکانی دیکەی کوردستان، کە پێشتر لە شاری مەهاباددا کۆبوونەوە، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢ی ڕێبەندان، ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستانیان (سوور، سپی، سەوز) لە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرەو مەیدانی چوارچرا، کە زیاتر لە ١٠ هەزار کەس تێدا بەشدار بوون، بەرێ کەوتنو لەوێ کۆبوونەوە. سەرتا بە گرووپی موزیك بە سرودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" کە وەك سروودی نەتەوایەتی دیاری کرابوو، دەستی پێکرد. دواتر بەڕیز بەستنو ئارایشی نیزامی بە شێوەیەکی ڕێكو پێكو هاوکات لەگەڵ لاوانی کچو کوڕو منداڵانی قوتابخانەکان بە جلوبەرگی تایبەت، لە لای ڕاستی ئاڵای پیرۆزی کوردستان حەرەکەتیان دەکرد. گەورەو چووکی خەڵکی شاری مەهاباد، هەیئەتەکانی فەرمیو نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای ئاڵای کوردستان دەڕۆیشتنو خەڵکیش لە دیتنی ئاڵای کوردستان کردبوویانە چەپڵەڕێزان.پێشەوای مەزنی گەلی کورد "قازی محەممەد" لەمەڕ هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. پاش تەواو بوونی وتەکانی پێشەوا، ئاڵای کوردستان لە سەربانی باڵەخانەی "هەیئەت رەئیسەی میللی کوردستان" هەڵکراو ڕێوڕەسمەکە بە چەپڵەڕێزان لە نێو شاییو خۆشحاڵی جەماوەردا، کۆتایی هات.

**وتەکانی پێشەوا لە رۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا**

ئەمڕۆکە، گرینگترین رۆژە لە مێژووی ژیانی کورددا، رۆژێك کە ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان لە بەرزاییەکانی شاری مەهاباد دا دەشکێتەوە. گەلی کورد وەکوو تەواوی گەلانی دیکەی جیهان. مافی ئازادیو هەڵبژاردنی هەیە. سەدان ساڵە بۆ وەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی خەبات دەکاو لەو ڕێگایەشدا هەزران رۆڵەی کردۆتە قوربانی. گوڵاڵە سوورەکانی بەهاری کوردستان بە خوێنی شەهیدانی کورد ئاو دراون. گڵکۆی پیرۆزی شەهیدانی ڕێگای ئازادی لە بست بە بستی خاکی کوردستاندا هێمای خەباتو بەرخۆدانی ئەو گەلەیە. شەهیدانێك کە بە هەزاران ئاواتو ئارەزووەوە لە ئامێزی خاکی نیشتماندا ئارامیان گرتووە.

ئەمڕۆکە گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، خۆبەختترین جەماوەری کوردستانی گەورەیە. کە ئەوەش بەرهەمی ڕەنجو خەباتو گیانبازی شەهیدانی ئەو ئاوو خاکەیە.

ئەمڕۆکە ئێمە سەربەخۆینو یاوەرێکی بەهێزمان هەیە. ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەبێ بە شانازیو فیداکارییەوە شەکاوە رابگیرێت. ئەو ئەرکە لە سەرشانی ئێوە وەك چرایەك وایە کە نابێ خامۆش بێت.

بە پشتیوانی خودای مەزنو ئیرادەی شێرەکوڕانی کورد لە مافەکانی خۆمان دیفاع دەکەین.

**کابینەی وەزیرانی کۆماری کوردستان**

کابینەی وەزیرانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی حاجی بابەشێخ لەگەڵ سێزدە وەزیری دیکە پێك هات کە زۆربەیان نوێنەری چینو توێژەکانی نێونجی شاری مەهاباد یان ئاغاو خاوەن موڵکە گەورەکان بوون، ناوی وەزیرەکان بریتی بوون لە:

| | |
|---|---|
| ١ـ سەرۆك وەزیر | جی بابەشێخ |
| ٢ـ وەزیری شەڕ | محەممەد حوسێنی سەیف قازی |
| ٣ـ وزیری کاروباری نێوخۆ | محەممەد ئەمین موعینی |
| ٤ـ وەزیری لەشساغی | محەممەد ئەیوبیان |
| ٥ـ وەزیری موشاویر | عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە |
| ٦ـ وەزیری ڕێگاوبان | سمایلی ئیلخانی زادە |
| ٧ـ وەزیری ئابووری | ئەحمەدی ئیلاهی |
| ٨ـ وەزیری پۆستو تێلگراف | کەریم ئەحمەدین |
| ٩ـ وەزیری بازرگانی | مستەفا داوودی |
| ١٠ـ وەزیری فەرهەنگ | مەناف کەریمی |
| ١١ـ وەزیی کشتو کاڵ | مەحموود وەلی زادە |
| ١٢ـ وەزیری تەبلیغات | سەدیق حەیدەری |
| ١٣ـ وەزیری کار | خەلیل خوسرەوی |

کۆماری کوردستان بەو شێوەیە دەستی بەکارەکانی خۆی کردو لە ماوەی ١١ مانگ دەسەڵاتدا، توانی گەلێك دەسکەوتی بەنرخو پڕبایەخ بۆ نەتەوەی کورد بەجێبهێڵێو ببێتە چاوگەی خەباتو تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کورد.

# کۆماری کوردستان، دەسپێکی بزاڤی مودێڕنی ژنانی کورد

## چنوور قادری

دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان وەك یەکەمین حکوومەتی مۆدێرنی کوردی، ٦٢ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕەوتی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورددا هەنگاوێکی گرینگ‌و خاوەن زۆر تایبەتمەندی‌و دەسکەوتی دێموکراتیك، مودێرن‌و بێ‌وێنە بەپێی کات‌و ساتی خۆی بوو. بە کورتی دامەزراندن‌و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کوردی لە چوارچێوەی کۆماردا، بە فەرمی‌کردنی زمانی کوردی، ئاڵای نەتەوەیی، سروودی نەتەوەیی، ئەرتەشی میللی، سیستمی باج‌وەرگرتن (مالیات)، دەزگاکانی مودێرن ڕاگەیاندن بەپێی زرووفی سەردەمی خۆی، ئازادی چاپەمەنی‌و ڕادەربڕین، سیستمی پەروەردەو فێرکردن، دابین‌کردنی دادپەروەری‌و ئاسایش‌و لە هەموویان گرینگتر وەگەڕخستنی ژنان لە بوارەکانی فێرکردن، کولتوورو ژیانی سیاسی‌دا، چەند نموونەی بەرچاو لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوای هەرگیز نەمر قازی محەممەد بوون.

ئەرکی سەرەکی ئەم نووسراوەیە تاوتوێکردنی یەکێك لە دەسکەوتە بەنرخەکانی کۆمار لە کارنامە پرشنگدارەکەی یەکەمین دەسەڵاتی مودێرنی کورددا، واتە وەگەڕخستنی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لەو سەردەمەدایە.

لە ڕاستی‌دا کۆماری کوردستان لە ماوەی کورتی ژیانی خۆیدا چەندین هەنگاوی بۆ بەشداری‌کردنی ژنانی کورد لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا هەڵگرت، چوونکە تا ئەو کاتیش ڕێژەی خوێندەواری ئەوان زۆر نزم بوو و بە شێوەیەکی زۆر کەم دیتراوە کە ژنان ئەرك‌و ڕۆڵی سەرەکی‌و پێویستی خۆیان لەکۆمەڵگا بگێڕن. ئەم فاکتەرە دەستبەجێ سیمای کۆماری کوردستانی لە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی پێش مودێرنی کوردی‌دا، جیا دەکاتەوە. هەرچی لە سەردەمی ژیانی کۆماری کوردستان دوور دەکەوینەوە، گرینگی ئەو تایبەتمەندی‌و دەسکەوتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ‌کرد، زیاتر بۆمان ئاشکراو ڕوون دەبێتەوە، دەزانین کە کۆمەڵگای کوردستان لە سەردەمی کۆماردا بە دەستی پێکهاتەی دەرەبەگایەتی، فێودالی و خێڵەکی‌و بەتایبەتی داب‌و نەریتە دواکەوتووەکان دەناڵی‌و زۆر سرووشتی‌یە کە لە وەها کۆمکەڵگایەکدا ژنان کەمترین ماف، ئازادی‌و ڕۆڵ بۆ چالاکی نواندنیان هەبێ. لەبەر نەریتی‌بوون‌و دواکەوتوویی کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان هەبوونی ژنان لە بەڕێوەبەری کۆماردا تەنیا لە بوارەکانی پەروەردەو سیاسیی کۆماردا بووەو ژنان نەیانتوانیوە وەك هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی ژنان کارو تێکۆشان بەڕێوەبەرن، بەڵکوو زیاتر بۆ پشتیوانی‌کردن لە دۆزی نەتەوایەتی‌و پاراستنی کۆمار چوونەتە نێو بوارو مەیدانەکانی دەرەوەی ماڵ. دەبێ دان بەو ڕاستیەش دابنێین کە پێکهاتنی ئەو دۆخە بۆ ژنان تا ئەو کات لە دیرۆکی کوردستان‌دا بێ‌وێنە بوو. بۆ هەڵسەنگاندن‌و نرخاندنی هەر کۆمەڵگاو سیستمێك چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا پەنا دەبرێتە بەر ڕێژەی بەشداری‌و ئەکتیڤ‌بوونی ژنانی ئەو کۆمەڵگاو سیستمانە، بە خۆشی‌یەوە ئەم پێناسەیە لە فەرهەنگی سیاسی جیهان‌دا جێی گرتووەو پراکتیزەبوونی ئەم ئەسڵە لە هەر سیستم، کۆمەڵگا، حیزب‌و ڕێکخراوو گرووپێکدا وەك فاکتەرو ناسنامەیەکی شارستانی‌و مۆدێرن دێتە ئەژمار. بۆیە ئەو هەنگاوانەی کە کۆماری کوردستان لەمەڕ ژیانی ژنان لە کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستان هەڵیگرت دەتوانین وەك شۆڕشێکی نوێ‌و سەردەمیانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ژنانی کورددا، پێناسە بکەن.

هەر لە سەردەمی بەڕێوەبەری کۆماری کوردستاندا بوو کە پێشەوای زاناو ڕووناکبیری گەلەکەمان، قازی محەممەد بە بیرو هزری تیژو پێشکەوتنخوازانەی خۆی بۆ وەگەڕخستنەوەی ژنان‌و یەکسانی ژنان‌و پیاوان دەسپێشخەری کردو بە هێنانە مەیدانی ژنان فێرکردن، فەرهەنگ‌و ژیانی سیاسیدا سیمایەکی مۆدێرن‌و دێمۆکراتیکی بە کۆماری نەتەوەیی کوردستان دا. بەپێی بەڵگە مێژوویی‌یەکان پێشەوای نەمر قازی محەممەد بۆ ئەم هەنگاوە گرینگە ڕۆڵی سەرەکی گێڕا. پێشەوا زۆر بە باشی هەستی بەم مەسەلەیە کردبووو دەیزانی کە ئەوە کەلێن‌و بۆشایی‌یەکی گەورەیە لە کۆمەڵگای کوردستانداو هاتنە مەیدانی ژنان دەتوانێ زۆر کاریگەری لەسەر بەرەوپێش‌چوونی کارو ژیان لە بوارە جیاجیاکاندا هەبێ. چوونکە تا ئەو کاتیش لەو مافە بێ‌بەش‌بوون. هەر ئەوە بوو کە پاش ماوەیەکی کورت بەسەر دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی لەسەر پێشنیارو داوای سەرۆك کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، لە ٢٤ ڕەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاویدا بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکرات کوردستان دامەزرا. ئەمە سەرەتایەك بۆ کاری ڕێکخراوەیی ژنان‌و نواندنی چالاکی‌و ڕۆڵیان لە کاروبارە سیاسی‌یەکاندا بوو.

پێشەوا قازی محەممەد بۆ هاندانی ژنان‌و وەگەڕخستنی تواناکانیان لە ژیانی سیاسیدا، بەر لە هەموو کەس لە هاوژینی خۆی میناخانمی قازی داوا دەکات کە ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی ژنانی دێموکراتی کوردستان‌و بەردەوام کچان‌و ژنانی کوردی هان دەدا کە بۆ فێربوون‌و پەروەردەکردنی خۆیان بچنە ناوەندەکانی خوێندن.

ڕێبەرایەتی کۆماری کوردستان گرینگیەکی بەرچاویان بە ژنان دابوو. بۆ نموونە لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی ڕاگەیاندنی کۆمار، ٢٣ کەس لە کەسایەتیە سەرەکییەکانی کۆمار وتار پێشکەش دەکەن. لەو ١٦ کەسەی کە قسە دەکەن دوانیان ژن بوون، وتاربێژانی ژن کە هەردووکیان مامۆستای خوێندنگەی کچان بوون (خەدیجە مەجدی‌و ویلماسە یادیان) ڕێزیان لە سەربەخۆیی کوردستان گرت‌و لەسەر پێویستی بەشداری چالاکانەی ژنان لە خەباتدا پێدادەگرن. و لە ڕۆژی جێژنی ٢ی ڕێبەندان شاگردەکانی قوتابخانەی "پەروانە" لە مەهاباد بۆ ڕێزلێنان لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕێژە دەڕۆن.

لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی پڕلەشانازی‌و سەروەری کۆماری کوردستاندا، بۆ یەکەمین‌جار جێژنی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان بە شکۆیەکی گەورەو لە ڕێورەسمێکی تایبەتی‌دا ڕێز لەو ڕۆژە مێژووییە دەگیردرێت‌و ژنان بە شێوەیەکی ڕێك‌و پێك ئەو جەژنە بەڕێوە دەبەن.

کە کۆمار دامەزرا، ڕەوتی گرینگیدان بە بەشداری ژنان‌و وەگەڕخستنیان لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا هاتە ئاراوە. بۆ نەهێشتنی ئاسەواری نەخوێندەواری‌و بردنەسەری پلەی زانیاری ژنان، پەروەردەو فێرکردن باشترین خزمەت بوو. خوێندنگاکان بەرەو ڕووی کچان‌و ژنان دەکرێتەوەو دەستە دەستە کچ‌و ژن لە مەهاباد دەچنە خوێندنگاکان تا زانست‌و زانیاری خۆیان بەرنە سەرەوە. نابێ ئەو ڕاستیەش بەرچاو نەگرین کە ئەو کاتیش هێندێك لە دایك‌و باوکان لە بەرانبەر شالاوی ناردنی کچان بۆ خوێندنگاکاندا ڕادەوەستان‌و دژایەتیان دەکرد.

ئەودۆخە کەلە کۆماری کوردستان بۆ ژنان پێك هات، بوو بە سەرەتایەك بۆ خەباتی مافخوازانەو یەکسانیخوازانەی ژنان بە شێوەیەکی مۆدێرن‌و دێمۆکراتیك کە تا ئەمرۆش هەر بەردەوامەو خەبات‌و تێکۆشانی ژنانی کورد تا گەیشتن بە یەکسانی‌و بەرابەری‌و لە هەموویان گرینگتر ڕزگاری نەتەوەیی درێژەی دەبێ.



خاتوو مینا قازی، هاوسەری پێشەوا قازی محەممەدو یەکەمین بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



پاشماوەی لاپەڕەی ١

**تاوانەکانی سەیف قازی:**

١ــ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی شەڕ لە کۆماری کوردستان دژ بە حکوومەتی ئێران.

٢ــ هاندانی خەڵکی دژی حکوومەتی ئێران‌و دڵنیاکردنەوەی بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

**ڕێژیمی پەهلەوی‌و کۆماری کوردستان**

"محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی" لە کتێبی "وەڵامدانەوە بە مێژوو" دەڵێ:

" یەکیەتیی سۆڤیەت لە بزاڤی سەربەخۆیی خوازی قازی محەممەد لە کۆماری کوردستان‌و کۆماری پیشەوەری لە ئازەربایجان لایەنگری کرد (وەڵامدانەوە بە مێژوو، محەممەد ڕەزاشای پەهلەوی، لاپەڕەی ٥٥و ٥٤)

ئارچیالێد روز وێڵت، ویلییام ئیگلتوون، لینچۆفسکی، میخاییل سیمۆونوویچ لازاریف، درك کینان، کریس کوچیرا، جاناتان ڕەندل‌و زۆر لە توێژەرانی بێ لایەنیش تەنیا لە دەستەواژەی "کۆماری کوردستان" کەڵکیان وەرگرتووەو دەستەواژەی "کۆماری مەهاباد" لە هیچ کام لە دەقە ڕەسمییەکاندا بەرچاو ناکەوێ.

**بەڵگەنامەکان**

لە تەواوی بەڵگەنامەکانی ئەو کاتی کۆماری کوردستان بە دەستمان گەیشتووە، وشەیەك بەناو "کۆماری مەهاباد" بەرچاو ناکەوێ. نامە ڕەسمییەکانی ئەو سەردەمەی کۆمار لەگەڵ نیشانەی "وەزارەتی هێزی دێموکراتیکی کوردستان"، "وەزارەتی شەڕی کوردستان"و "وەزارەتی هێزی کوردستان" هاتۆتە نێو نووسراوە ئیدارییەکان لە لایەك‌و لە لایەکی دیکەوە لەو نامەگەلەدا بۆ "قازی محەممەد" نووسراوە، بە تەواوی لە دەستەواژەی "پێشەوای کۆماری کوردستان" یان "سەرکۆماری کوردستان" کەڵك وەرگیراوە.

**٢ـ ساویلکەبینی لە ڕادەبەدەر**

گەلاڵەی بابەتگەلێك وەك "سەرهەڵدان‌و ڕووخانی کۆماری کوردستان"، تەنیا سەرچاوە لە ڕەوشی ژێۆپۆلتیکییە، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، "چەندین دەیە لەمەوپێش لە لایەن مێعمارەکانی ڕۆژئاواییەوە، گەلاڵەکراوە"، " خەڵکی کوردستان هیچ ڕۆڵێکیان لە ڕەوتی پێکهێنانی کۆماری کوردستان نەبووە" ، "کۆماری کوردستان بەربەرەکانی‌و ماکزیمۆمی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ ڕۆژئاوا بووە."، "دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەرهەمی گوشاری ژێۆپۆلتیکی بوو"، "کۆمەڵگای نەریتی کوردستان ناتوانن، لاواز لە وەرگرتنی دۆخی دێموکراتیك بووە"، "تا کاتێك کە زلهێزەکان بە مەسەلەی کوردستان گرنگی نەدەن، مەسەلەی کورد ڕواڵەتێکی نێونەتەوەیی بە خۆوە ناگرێ"و... بە جۆرێك "ساویلکەبینی"و بە جۆرێکی دیکە "ساویلکەبینی لە ڕادەبەدەر"ە. دەستەواژەیەك بێ بیرکردنەوەیەکی پێویست، و بێ گرنگیدان بە پێداویستییەکانی شوێن‌و زەمەن، تەنیا لە بیری دۆزینەوەی وەڵامێکی خێرا بۆ پرسیارەکانە.

گرینگترین پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویە کە: هەڵسەنگاندنی کۆماری کوردستان لە دەیەی چلی میلادیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین فیودالیدا، نیمچە فیودالی‌و پاشایەتی لە گەڵ پێوانەی ئەمڕۆیی ڕاست دەنوێنێ کە هەندێك لە نووسەران وەك بابەتێك کە "نە هەڵێکی تەڵایی"و "نەوەها گرینگ کە نوخبەکانی کورد خەریکی بن" یاد بکەنەوە؟ ئایا دەتوانین "نێواخنی کۆماری کوردستان" وەك یەکەمین "کۆماری دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین" حاشا لێ‌بکرێ؟

لە ڕەوشێکدا کە گەورەترین شانازی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی ئەوکات، بوونی تا ڕادەیەك سیستمێکی مەشرووتەی سەڵتەنەتی وەك سیستمێکی پێشکەوتووی دەسەڵات بوو. پاککردنەوەی ناونیشانی مەسەلەکە بە مەبەستی وەڵامێکی خێرا بۆ پرسیارەکانی بەردەم، تەنیا ساویلکە چاولێکردنێك‌و ئەویش جۆری لە ڕادەبەدەرانەییە.

**٣ـ تێڕوانینێکی ئەبستراکت بۆ مەسەلەکان:**

لێکدانەوەی بابەتەکانی چڕوپڕ وەك "کۆماری کوردستان"، بوونە هۆی توێژینەوەی تەوەرەکانی هەمەلایەنەی دەربەندکردنی ڕەوشێك کە توێژینەوەیەکی تاك تەوەرەیی ـ ئەویش لە ڕەوشێکدا کە بەڵگەنامەکان‌و زانیارییەکان، تەواو نین ـ چوارچێوە دارێژکردنی زۆری ئەو بابەتە لە ئەستۆی پسپۆڕێکی تایبەت دایە. تێڕوانینی ئەبستراکت لەگەڵ خستنە نێو یەك یان دوو فاکتەری هەڵبژاردە لە توێژینەوەیەکدا، پێگەی لە توێژینەوەکانی مودێڕندا نین‌و بە تایبەتی تێڕوانینی ئەبستراکت، زۆرتر لەو پێناسەی فاکتە هەڵبژێردراوەکان لەگەڵ پێش داوەری‌و نۆرمخوازی (هنجارگرایی)دا بێ.

**٤ـ میتۆدناسی هەڵە:**

میتۆدناسینی توێژینەوەکانی پێوەندیدار لەگەڵ کۆماری کوردستان لە زۆربەی بوارەکاندا لەگەڵ قەیرانگەلێکی بنەڕەتیدا بەرەوڕوون.

١ـ هەڵبژاردنی نێوێکی نادیار بە هۆی پێوانەکردنی بەرژەوەندی یان کارتێکەری لەسەر مێژوونووسی فەرمی بە شێوەیەك کە توێژینەوەکە لە هەمان سەرەتاوە لەگەڵ قەیرانی پرسیار دەستپێك دا بەرەوڕوو دەکاتەوە.

٢ـ چوارچێوە دارێژکردنی زۆری لە ناوەندێك بۆ پاساودانەوەی بابەتێك بە شێوەی ناوەندیکردنی بابەتێکی تایبەت‌و لە بەرچاونەگرتنی کاریگەری دۆخەکانی دیکەیە.

٣ـ نۆرمخوازی‌و بەهادانان لە ڕێگەی پێش داوەری لەگەڵ گەلاڵەکردنی باسەکان وەك پێویست سڕینەوەی پیرۆزیی(تقدس زدایی) لە کۆماری کوردستاندا یان پێویستی ڕەخنە لێ‌گرتن .

٤ـ جەمسەربوونی‌و هەوڵ بۆ سەلماندنی ئیدیعاییەك بە هەرجۆرێك کە ڕێگای تێدا هەبێ.

**بەڵام کۆماری "مەهاباد" لە چ شوێنێکەوە هاتووە؟**

لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی پەهلەوی‌دا، تاکڕەوەکانی چەپی ئێرانی‌و هەندێك لە حیزبەکان، نەتەوەخوازەکان (میلیون)و ڕەسمیی نووسانی وڵات، مێژوونووسانیان لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیان گونجاندووەو لەگەڵ نووسینەوەی(دوبارە نویسی) مێژوو، مێژوویەکی نوێ لە شەڕی چینایەتی‌و توێژەکان یان دەرەبەگ‌و دەسەڵاتی پاشایەتی‌داو ... خولقاندووە. چەمکی نادیاری "جمهوری مەهاباد"یش بەرهەمی ئەم "ئاوەژوونووسینە لە مێژوو"دایە.

مەخابن نەریتی نووسینەوەو ئاوەژوونووسین کە لە شارەکانی میرزانووسان‌و ڕووداونووسەکان‌و دەسەڵاتداریێتی‌و حزبەکانی وابەستەدا، هاتوونەتە نێو ڕۆژگاری نوێ‌و لەم نێوەدا بایەخی ساویلکەبینی نووسەرانی پەرتووکەکان، هەوڵێکیان لە نووسینەوەی مێژوودا ـ لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ـ و دواتر هێنانە ئارایی بنەمایەکی هزری لەسەر بنەمایی مێژوونووسینەوە، بووە. لە هەمان کاتدا، ئەگەر ڕەسمی نووسەکان، هەوڵ لە چەواشەکردنی مێژوو بە لاڕێ‌دا بردن بوون ـ هەرچی کە بێ ئەوانە ڕەسمیی نووسەکانن‌و ڕەخنەیان لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر توێژەرێکی کوردە لە سەر ئەم مژارە خۆی لێ‌بدا، چ دەبێ بڵێ‌و چ دەبێ بکەی؟ لە کاتێك دا لە زۆربەی وڵاتاندا، نەتەوەکان هەوڵ دەدەن کە تەنانەت بە درووستکردنی مێژوو، نێواخنی خۆیان زۆرتر لەوەی کە هەن نیشان بدەن، بۆ ڕۆشنبیرانی کورد، ئەوەی کە بە ڕاستی هەبووە، کەمتر لە ڕاستییەکان دەنوێنێ؟ بە ڕاستی ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە مێژوو بنووسرێ، چ وەڵامێکمان هەیە؟ بە بڕوای من "ئاوەژۆنووسینی" نەوەی ئەمڕۆ، "ئاوەژۆبینینی" نەوەی داهاتوو بەدواوەیە، و ئاوەژۆبینی لەسەر پەیکەری نەتەوەیەك، تەنیا ئاکامێکی لەبەر دەگرێ "دمڵە (آبلەها) ڕەشەکان بە نێوچاوانیانی ناسنامەوەیە".

***

حەتوونامەی ئاسۆ، سال سوم، دورەی جدید، ژمارەی ٦٩، ٢٠ اردیبهشت/ ١٣٨٣

**Hawari Nishtman**
**The Organ of Democratic Youth of Iranian Kurdistan**
Jan 2008

www.lawanweb.com
info@lawanweb.com



# دواستوون

## بڕگەیەکی چارەنووسسازی دیرۆکی کورد

ئەفراسیاب گرامی


پاش شەڕی دووهەمی جیهانیو هاتنەئارای کەشو هەوای سیاسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤینداو ململانێی زلهێزەکان، ئێرانو کوردستان بە تایبەتی، کەوتە رەوشێکی لەبار بۆ ئەوەی کە خەباتی سیاسی کورد هەنگاوێك بەرەوپێش هەڵبگرێو ئەو رەوشە ببێتە ئاخزێگەی بە هەرێمیبوونی پرسی کورد لە ناوچەکەدا. لە نێو ئەم کەشو هەوا سیاسیو ناوچەییەی ئێرانو کوردستاندا، کۆمەڵەی ژ.ك کە رێکخراوێکی نەتەوەخوازو هەڵگری رۆحێکی نەتەوایەتی بوو دامەرزاو پاشان لەسەر بنەماو رێوشوێنەکانی کۆمەڵەی ژ.ك، حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرا. دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێك لە بڕگە چارەنووسسازەکانی مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردە کە توانی وەرچەرخانێك لە بزاڤی کورددا بێنێتە ئاراوەو ببێتە چاوگەی بزاڤێکی مودێڕن. ئەگەر بزاڤی کورد تا پێش لە دامەرزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەنگراو بووە واتە هەنگاوێك بەرەوپێشو هەنگاوێك بەرەو دوا دەڕۆیشت، سەرۆك هۆز یان شێخو دەرەبەگەکان رێبەرایەتی شۆڕشیان دەکردو بەنەمانی رێبەری بزووتنەوە، بزووتنەوەکە تووشی نسکۆ دەهاتو سەرلەنوێ بزاڤەکە هەڵدەگیرسایەوەو پریشکەکانی دەبوونە هەوێنی بزووتنەوەیەکی دیکە، بەڵام بە دامەرزانی حیزبی دێموکرات، بزاڤی سیاسی کورد، سیستماتیكو دینامیکتر بوو و پاڵپشتی ئەم بزاڤەش هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ بوونو تا ئێستاشی لەگەڵدابێ درێژەی هەیە.


بە دەستە بەهێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو رێبەری بەبڕشتو هزرڤان پێشەوا قازی محەممەد، بیرۆکەی کۆماری کوردستان داڕێژراو کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤دا وەك یەکەمین دەسەڵاتی مودێڕنی کوردی پێك هات.

ئەگەر شۆڕشی مەزنی فەرانسە بوو بە هەوێنی زۆر گۆڕانکاریو سیمبۆلی دێموکراسی لە جیهاندا، ئەوا بێگومان کۆماری کوردستان نەتەنیا خاڵی وەرچەرخانو بڕگەیەکی چارەنووسساز بوو لە بزاڤی نەتەوایەتیی کورددا، بەڵکوو بوو بە پێشڕەوی دێموکراسیو ئەزموونێك بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلانی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا. کۆماری کوردستان بە هزرە پڕبایەخو مرۆییەکانی توانی کۆمەڵێك ئاخێوی مودێڕنی مرۆڤ تەوەرانە وەکوو: ناسیۆنالیزمی دێموکراتیك، سێکۆلاریزم، ئازادیو یەکسانی ژنو پیاو، ئازادی رادەربڕین، پێکەوەسازانو پێکەوە هەڵکردن، کۆمەڵگای مەدەنیو رێزگرتن لە مافی کەمایەتییە ئایینیو نەتەوەییەکانو ... هتدی هێنایە قۆناخی پراکتیکی سیاسییەوە. بۆیە لە چەند خاڵدا دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە بەرچاوانە بووە، کە بریتین لە:

- دامەزرانی کیانێکی سەربەخۆو دێموکراتیکی نەتەوەی کوردو بزاڤێکی تەواو ئاوەزمەندو بەرهەمی خەباتی نەتەوایەتیو خودئاگایی نەتەوەیی کورد بوو.
- بە دامەزرانی یەکیەتییەکانی ژنانو لاوانی دێموکرات توانی دەستپێکێك بۆ سەقامگیری کۆمەڵگای مەدەنیو هەڵوەشانەوەی سیستمی خێڵەکی(واتە مەبەست لە خێڵەکی بوون ئەوەیە کە چیدی تاکی کورد خاوەن بڕیارو خاوەن دەنگی خۆی بێ لە کۆمەڵگاداو نەبێتە کۆیلەی سەرۆك خێڵ یان دەرەبەگ)و ئاخێزگەی بزاڤە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانی مودێڕن وەك: بزاڤی رووناکبیر، ژنان، لاوانو منداڵانو... بۆ بەدیهێنانی تەناهیو هێمنی لە کوردستاندا.
- کۆماری کورستان، بزاڤێکی رووناکبیری وەڕێخست کە لە نێو ئەم بزاوتەدا کۆمەڵێك رووناکبیری بەدوای خۆیدا پەروەردە کردو ئەو بزاوتە رووناکبیرییە بوو بە کۆڵەکەی بزاڤی رووناکبیری لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. لەوانە شەهید د.قاسملوو، مامۆستا هەژار، حەسەن قزڵجیو عەبدوڕەحمان زەبیحیو مامۆستا هێمنو ....هتد بوون.
- ناسینو پراکتیزەکردنی ویستی لەمێژینەو هەراوی خەڵکی کوردو جێگیرکردنی پرەنسیپە دێموکراتیکەکان وەك پرەنسیپی هەزارەی سێهەم.
- گۆڕانی خەباتی نەریتیو پڕشوبڵاو، بۆ بزاڤێکی سەرتاپاگیرو تەکوزو سیستماتیکی مودێڕنو دینامیك لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.
- هەوڵی سڕینەوەی نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگای کوردەواریو شکاندنی تابۆکانی کۆمەڵگای کوردیو نەهێشتنی دیادە دزێوەکان.






**رێبەانی شەهیدی بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە چوار پارچەی کوردستاندا**

١ـ شێخ سەعید پیران
٢ـ شێخ رەزا دێرسیم
٣ـ شێخ مەحموود نەمر
٤ـ شێخ عەبدولسەلام بارزانی
٥ـ ئیسمائیل ئاغای سمکۆ
٦ـ پێشەوا قازی محەممەد
٧ـ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو
٨ـ دوکتور سەعید شەرەفکەندی



## بۆ رێزلێنان لە ٢ی رێبەندان

رۆژی هەینی رێکەوتی ١٥ی بەفرانباری ١٣٨٦ی هەتاوی، کاتژمێر ٨ی بەیانی، بە بۆنەی ٦٢هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کۆمیتەی ئازادی، گەشتێکی نیزامی بە بەشداری قادر مێهفەرو ئەفراسیاب گرامی ئەندامی هەیئەتی ئیجراییو گەلاوێژ مێهفەرو ژیلا باریکە ئەندامی بەڕێوەبەریی گشتیو ئەندامانی کۆمیتەی ئازادی بەڕێوە برد.

مەبەستی سەرەکیی ئەو گەشتە نیزامییە بریتیی بوو لە بەرزنرخاندنی رۆڵو گرنگیی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قۆناخە هەستیارو ناسکەکانی مێژووی نوێی گەلەکەمانداو کاریگەریو رۆڵی کۆماری کوردستانو کەسایەتیی بەرزی پێشەوا قازی محەممەد لە سەر رەوتی جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، هەروەها وەك رێزلێنانێك لە بنەما دێموکراتیکەکانی کۆماری کوردستانو ئەو کۆمەڵگا مەدەنییەی کە لە کەشو هەوای ئەو کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو و نموونەی هەرە بەرچاوی ئێستاشی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك یادگارێکی زیندووی سەردەمی کۆماری کوردستانە.

**خاوەن ئیمتیاز:** هەژار رەحیمی
**سەرنووسەر:** ئەفراسیاب گرامی
**تایپ:** لاوان

**دەستەی نووسەران:**
دارا ناتق، شەفیع رەوشەنی، حەسەن سەلیمی، فاتیح ساڵحی
شەریف فەلاح، گەلاوێژ مێهفەڕ، ژیار قادری

**دیزاین:**
شەفیع رەوشەنی